https://www.doi.org/10.31918/twejer.2141.5

e-ISSN (2617-0752)        p-ISSN (2617-0744)

# هەڵسەنگاندنی داستانی "مەم و زین"ی ئەحمەدی خانی بەپێی تایبەتمەندی و بنەماکانی ژانری داستان

ابراهيم محمد ابراهيم        د.سيروان جبار امين

زانكۆی ڕاپەڕین - كۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت    زانكۆی سۆران-فاكەڵتیی ئاداب

ibrahim.mohammed@uor.edu.krd
sirwan.amin@soran.edu.iq

**پوختە**

ژانری داستان یەکێکە لە کۆنترین ژانرەکان لەناو ئەدەبیاتی زۆربەی میللەتانی جیهان و پانتاییەکی باشی لە ئەدەبیاتی جیهانی داگیرکردووە، لە پێش زاینەوە بگرە تا سەدەکانی ناوەڕاست یەکێک بووە لە ژانرە یەکەمینەکانی ئەدەبیاتی زۆرێک لە میللەتان، هەر لە سۆمەرییەکانەوە تا دەگاتە یۆنانی و ڕۆمانییەکان، دواتریش لە سەدەکانی ناوەڕاست بووە بە شاژانری سەردەمەکەی. ئەم ژانرە خاوەنی تایبەتمەندی و بنەمای دیاریکراوی خۆیەتی کە بوونەتە ناسنامەی ژانر بۆ سەرجەم دەقەکانی ژانرەکە و بنەمای لێکچوون و جیاوازییان بۆ هەموو بەرهەمەکانی سەر بەم ژانرە دروستکردووە.

لەناو ئەدەبیاتی نەتەوەیی کوردیشدا داستان جێگە و پایەیەکی تایبەتی هەبووە، ئەگەرچی وەک نموونە جیهانییەکە نەبووە، بەڵام زۆرێک لە پێوەر و شقڵە جیهانییەکەی پێوە دیارە، لەم سۆنگەیەوە ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ خستنەڕوو و پیشاندانی ئەوەی، کە تا چەند و چۆن داستانی (مەم و زین)ی (ئەحمەدی خانی) پابەندی تایبەتمەندی و بنەماکانی ژانری داستان بووە، لەم چوارچێوەیەوە ڕاڤە و شیکردنەوە بۆ داستانەکە کراوە.

وشە کلیلییەکان: داستان، تایبەتمەندییەکانی داستان و داستانی مەم و زین

# هەڵسەنگاندنی داستانی "مەم و زین"ی ئەحمەدی خانی بەپێی تایبەتمەندی و بنەماکانی ژانری داستان

## پێشەکی

داستان، وەک یەکێک لە ژانرە کۆنەکانی ئەدەب، پانتاییەکی باشی لە ئەدەبیاتی جیهانیدا داگیرکردووە و مێژوویەکی کۆنی هەیە، کە بۆ چەند هەزار ساڵێک پێش زاین دەگەڕێتەوە لە لای سۆمەرییە کۆنەکان دەستپێکردووە و بەپێی تێپەڕبوونی ڕۆژگار گەشەسەندنی زۆری بەخۆوە بینیوە. سەرەتاکانی دەرکەوتنی داستانی نووسراو لە ئەدەبیاتی کوردیدا ئەوەندە کۆن نییە بە بەراورد بە مێژووی گەلانی دیکەی جیهان، وەکو (یۆنان، هیند، ڕۆمانییەکان... هتد)، بەڵام پەیدابوونی داستان، وەک زۆربەی لایەنەکانی دیکەی ژیان سیفەتەکانی لە نەتەوەیەکەوە بۆ نەتەوەیەکی دیکە دەگۆڕێت و بەپێی باری ژیان و قۆناغەکانی ئەو نەتەوەیە سەرهەڵدەدات (جوتیار و دەستەیەک لە نووسەران: ١٩٨٤: ٧). گرنگیی داستان لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، کە تۆمارێکە ڕۆژگاری کۆنی ژیانی نەتەوەییمان پێشاندەدات و لە زۆربەی لایەنەکانی ژیان دەدوێت؛ لەبەر گرنگیی ئەم ژانرە لە ئەدەبیاتدا، ئەم توێژینەوەیە تەرخانکراوە بۆ هەڵسەنگاندنی داستانی "مەم و زین"ی "ئەحمەدی خانی" بەپێی تایبەتمەندی و بنەماکانی ژانری داستان و ئێمە لەم توێژینەوەیەدا کارمان لەسەر ئەوە کردووە بەپێی سیفەت و تایبەتمەندییەکانی ژانری داستان هەڵسەنگاندن بۆ داستانبوونی "مەم و زین" بکەین.

### هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە:

تا ئێستا لێکۆڵینەوەیەکی چڕ و ورد لە بارەی داستانی نووسراوی کوردی نەکراوە، بەپێی تایبەتمەندییەکانی داستانی جیهانی، کە ئایا

داستاننووسەکانی کورد تا چەند بە تایبەتمەندییەکانی داستان پابەندبوون، وەک ئەوەی لە ئەدەبیاتی جیهانیدا بوونی هەیە.

میتۆدی توێژینەوەکە: میتۆدی توێژینەوەکە، (تیۆری– شیکاری)یە.

سنووری توێژینەوەکە: سنووری توێژینەوەکەمان بریتییە لە داستانی "مەم و زین"ی "ئەحمەدی خانی" و هەڵسەنگاندنی داستانەکە بەپێی تایبەتمەندییەکانی ژانری داستان.

**ناوەڕۆکی توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوەیە بەسەر دوو تەوەرەدا دابەشکراوە، تەوەرەی یەکەم تیۆرییە و بەسەر سێ خاڵدا دابەشکراوە، بە جۆرێک لە خاڵی یەکەمدا باسی چەمک و زاراوە و پێناسەی داستان کراوە. خاڵی دووەمیش کورتەیەکی مێژوویی لەبارەی داستان دەگرێتەخۆی، لە خاڵی سێیەمدا باسی جۆرەکانی داستان کراوە. تەوەرەی دووەم پڕاکتیکییە و تایبەتە بە هەڵسەنگاندنی داستانی "مەم و زین" بەپێی تایبەتمەندییەکانی ژانری داستان، کە بەسەر سێ خاڵدا دابەشمان کردووە لە خاڵی یەکەمدا باسی ئەو تایبەتمەندییانە کراوە، کە ڕاستەوخۆ لە داستانەکەدا بوونیان هەیە. خاڵی دووەم ئەو تایبەتمەندییانە دەگرێتەخۆ، کە بە شێوەی ناڕاستەوخۆ لە داستانەکەدا بوونیان هەیە خاڵی سێیەمیش باسی ئەو تایبەتمەندییانە کراوە، کە لە داستانەکەدا بوونیان نییە، لە کۆتاییی توێژینەوەکەدا ئەنجامە بەدەستهاتووەکان خراونەتەڕوو لەگەڵ لیستی سەرچاوەکان.

**تەوەرەی یەکەم:**

**چەمک و زاراوە و پێناسەی داستان:**

داستان وەک یەکێک لە ژانرە گرنگەکانی ئەدەب، هەر لە بەرەبەیانی مێژووەوە پلەیەکی باڵای هەبووە لە ناو ئەدەبیاتی میللەتاندا و بە بەرهەمێکی ئەرستۆکراتی یان دەرباری هەژمارکراوە، هۆکاری ئەمەش لەو فۆرم و شێوازە بەرزەوە سەرچاوەی گرتووە، کە لە داستاندا بوونی هەیە (مەولود و حسێن: ٢٠١٨: ١٩١). ئەگەر پۆلێنکردنی ژانرە ئەدەبییەکان بۆ لێکهەڵاوێرکردن بێت، بۆ ئەوەی هەریەکەیان وەک ڕەگەزێکی ئەدەبی سەربەخۆ بناسین، ئەوا تێگەیشتن لە چەمک و مانای ئەو ڕەگەزە ئەدەبییانە، هاوکارێکی باش دەبێت، بۆ ئەوەی لەو ڕێگایەوە تێگەیشتنێکی باشترمان بەرانبەریان هەبێت. (حاجی، ٢٠٠٩: ١٥).

سەبارەت بە چەمکی داستان یاخود ئیپۆس، لە زمانی یۆنانیدا مانای وشە یان چیرۆک دەگەیەنێت (ڕەسووڵ، ٢٠١٠: ٣٣) و وەک خوازە بە مانای ئەفسانە دێت و وەکو ئاوەڵناویش مانای گێڕانەوەی هەیە، واتا بەرهەمێک، کە دەکرێ بگێڕدرێتەوە، بەڵام لە سەرەتادا گێڕانەوەیەکی دەماودەم بووە، یەکێک بۆ یەکێکی دیکەی گێڕاوەتەوە. لە ڕووی زمانییەوە وشەی داستان بە مانای (کوشتارگە) دێت، واتا جێگایەک شەڕ و کوشتاری تێدا بکرێت (حاجی، ٢٠٠٩: ١٥). داستان هەر لە ناوەکەیدا دیارە، کە لە هۆش و گۆشی مرۆڤدا دەلالەت لە شەڕ و پاڵەوانی و ئازایەتی و داگیرکاری دەکات، ئەمە سەرەڕای هەڵگرتنی چەندین مانای دیکەی لە هەناوی خۆیدا (شمیسا: ١٣٨٧ : ٦٠). بە شێوەیەکی گشتی چەمکی داستان بە مانا فراوانەکەی بۆ ئەو بەرهەمانە بەکاردێت، کە هەڵگری ڕوحێکی داستانین (سەرچاوەی پێشوو: ٦٥).

زاراوەی داستان، وەک ئاماژەی پێدرا لە وشەی (epos)ی یۆنانییەوە وەرگیراوە و لە بەرانبەر ئەمەشدا لە زمانی لاتینیدا وشەی (epicum) بەکاردێت، لە زمانی ئینگلیزیشدا وشەی (epic)ی بۆ دانراوە، کە لە زمانی یۆنانییەوە وەرگیراوە، لای فەرەنسییەکانیش وشەی (epopee)ی بۆ بەکاردێت، هەرچی ئەڵمانییەکانن وشەی (epos)ی بۆ بەکاردێنن، کە دواجار هەموویان لە وشەی (epos)ی یۆنانییەوە سەچاوەیان گرتووە. لە زمانی عەرەبیدا بەرانبەر وشەی داستان زاراوەی (الملحمة) بەکاردێت، کە لە وشەی (لحم)ەوە وەرگیراوە، بە واتای گۆشت دێت، (ملحمە) بە واتای شەڕ و خوێنڕشتنیش دێت، فارسەکان لە بەرانبەر وشەی داستاندا وشەی (حماسە) بەکاردەهێنن، کە بە مانای (ئازایەتی و دلێری یان سەختی لە کار و ئیش)دا دێت و لە بنچینەدا حماسە وشەیەکی عەرەبییە (مەولود، حسێن: ٢٠١٨: ١٩١).

سەبارەت بەم ژانرە لە زمان و ئەدەبی کوردیدا، زاراوەی (داستان) جێگەی خۆی گرتووە و بە پەسەند دانراوە، سەرەڕای بوونی چەند زاراوەیەکی دیکە، وەک چیرۆک، ڕێزەک، سەربردە، کەڤنەشۆپ... هتد(موکریانی، ١٩٩٩: ٤٠٣). لە فەرهەنگی خاڵدا داستان بە واتای "بەسەرهات و سەرگوزشتە" هاتووە(خاڵ: ٢٠٠٥: ١٧٩). هەروەها لە هەنبانەبۆرینەشدا زاراوەی بەیت بۆ داستان بەکارهاتووە، کە بە مانای "چیرۆکی بە شیعر" دێت (هەژار، ١٣٦٩: ٨٧). مامۆستا عەلائەدین سەجادی لە بارەی داستانەوە دەڵێت: "داستان و ئەفسونیش هەیە، داستان زۆرتر بۆ نەبەردیی پاڵەوان بەکاردەهێنرێت، وشەکە لە بنەڕەتا (داواستان)ە، واتە شوێنی جەنگ و شەڕ و شۆڕ، وەیا (دادستان)ە، واتە شوێنی عەدل، بە درێژبوونەوەی زەمان وشەکە زمان کورتی کردۆتەوە و بووە بە داستان"(سەجادی: ١٣٩١: ١١٩).

پێناسەکردنی داستان کارێکی ئاسان نییە، چونکە ژانری داستان، وەک ژانرەکانی دیکەی ئەدەب هەڵگری کۆمەڵێک تایبەتمەندییە، کە وایکردووە بیروڕای جیاوازی نووسەرانی لە بارەوە هەبێت، هەر نووسەرە لە ڕوانگەی خۆیەوە پێناسەی داستانی کردووە، بەڵام زۆربەی پێناسەکان تا ڕادەیەکی زۆر هاوشێوەی یەکترن، خاڵی هاوبەشیان لە نێواندا هەیە، لێرەدا کۆمەڵێک پێناسە دەخەینەڕوو:

کۆنترین پێناسەیەک، کە بۆ داستان کرابێت، پێناسەکەی (ئەرستۆ)یە، لە کتێبی (هونەری شیعر)دا و لەبارەی شیعری داستانییەوە دەڵێت: جۆرە شیعرێکی پتەوە و لاسایی کار و کردەوەی بەرز دەکاتەوە، لە داستاندا تەنیا یەک تاکە کێش بەکاردێت و داستان خۆی بە هیچ سنوورێکی کات نابەستێتەوە (ئەرستۆ: ٢٠١١: ٢٦). هەروەها لە فەرهەنگی (نظریە و نقد ادبی)دا بەم شێوەیە پێناسەی داستان کراوە: "داستان (ئێپیک) شیعرێکی گێڕانەوەیی و باڵایە، کە بابەتەکەی جدی و شێوازەکەی ڕەسمی و شکۆمەندانە بێت، کە چڕبووەوەی کارەکانی پاڵەوانێکی خودا ئاسایە و سەرگوزەشتەی هۆزێک یان میللەتێک یان نەژادی هەموو مرۆڤایەتی پێوەی پەیوەستە" (حەمەئەمین: ٢٠١٤: ٧). ئەم پێناسەیە ئەوە دەگەیەنێت، کە داستان گێڕانەوەیەکی شیعریی بەرزە و باس لە کارەکانی پاڵەوانێک دەکات، هەڵگری سەربوردەی نەتەوەیەک یان کۆی مرۆڤایەتییە. دەگوترێت داستان لە زماندا بە مانای دلاوەری و ئازایەتی دێت، کۆنترین ژانری ئەدەبییە، ڕوونکردنەوەی مێژووی ڕۆژگار و ڕووداوەکانە، کە لە سەرەتاکانی مێژووی جیهاندا هاتوونەتەکایەوە، داستان بە شیعری میلیش دەناسرێتەوە و بۆ قۆناغە سەرەتاییەکانی شەڕی نێوان نەتەوەکان دەگەڕێتەوە، تێکەڵەیەکە لە مێژوو و ئەفسانە و خەیاڵ و ڕاستی، شاعیر مێژوونوسی نەتەوەکەیەتی (شمیسا: ١٣٨٧: ٦٠). هەر لە بارەی پێناسەی داستان دەڵێن: "داستان بەرهەمێکی چیرۆکئامێزە، سەرگوزەشتەی ئەو ڕووداوە ڕاستەقینانە بەخۆوەدەگرێت، کە بە ژیانەوە بەندن، زۆربەی

زۆریان باس لە قارەمانیەتی یان دڵداری دەکەن"(بێخاڵی: ٢٠١٣: ٤٠). ئەم پێناسەیە، داستان بە بەرهەمێک دادەنێت، کە لە دووتوێیدا ڕووداوی ڕاستەقینە لەخۆدەگرێت، پەیوەندییان بە ژیانی مرۆڤایەتییەوە هەیە، باسی قارەمانیەتی و دڵداری دەکەن. هەروەها دەگوترێت: داستان گێڕانەوەیەکە بە شیعر، ناوەڕۆکەکەی ڕووداوی قارەمانی و پاڵەوان ئامێزە، ئاوێتەیە بە ئەفسانە و خەیاڵ و ڕووداوی لەناکاو، ئامانجی سەرەکی بەرزکردنەوەی پلەی پاڵەوانە، یان ڕووداو و کردە و مەبەستێکی گەورە (عومەر: ٢٠١٢: ١٢١).

بە خوێندنەوەی کۆی ئەو پێناسانەی بۆ داستان خستمانئەڕوو، وەک پێشتر باسی لێوەکرا، سەرەڕای بوونی جیاوازی لە نێوانیاندا، بەڵام تاڕادەیەکی زۆر بیروبۆچوونەکان لەبارەی پێناسەی داستانەوە لە یەکەوە نزیکن و خاڵی هاوبەشیان لە نێواندا هەیە، بەوەی، کە داستان: بریتییە لە چیرۆکی پاڵەوانێک یان چەند پاڵەوانێک لە ڕێگای شیعرەوە دەگێڕدرێتەوە، خەیاڵ و ڕاستی و مێژوو و ئەفسانە لە دووتوێیدا تێکەڵاوی یەکتر دەبن، ڕووداوی سەیر و سەمەرەی تێدایە، کە لە توانای کەسانی ئاساییدا نین، زۆربەی ڕووداوەکان لە ژیانی مرۆڤایەتییەوە سەرچاوەیان گرتووە، جا ئەم ڕووداوانە دەلالەت لە شەڕ و شۆڕ و قارەمانیەتی و دڵداری یان هەر بابەتێکی دیکەی مرۆڤایەتی بکەن، ئامانج لێیان بەرزڕاگرتن و بە پیرۆزکردنی پاڵەوان و کۆی ئەزموونی ژیانی مرۆڤایەتییە.

## کورتەیەکی مێژوویی لەبارەی داستان:

دیاریکردنی سەرەتاکانی سەرهەڵدانی داستان کارێکی ئاسان نییە؛ بۆیە پێویستیمان بە گەڕانەوە هەیە بۆ مێژوویەکی کۆن، کە ئەم ژانرە تێیدا سەریهەڵداوە، چونکە ئاشکرایە، دەرکەوتنی هەر یەکێک لە ژانرەکانی ئەدەب بە ڕۆژێک یان دوو ڕۆژ نەبووە، بەڵکو کاتێکی زۆری ویستووە، تا گەشەیانکردووە و هاتوونەتە ناو مەیدانی ئەدەبیات وەک ژانری ئەدەبی

(حاجی، ٢٠٠٩: ٣٤). داستان شیکەرەوەی مێژووی پێش قۆناغی مێژووە، ڕاپۆرتێکە، ڕۆژگاری سەرەتایی ژیانی مرۆڤایەتی وێنەدەکێشێت، داستان لە کاتێک دەدوێت، کە نەتەوەیەک هەنگاوەی ناوە بەرەو گەورەیی و شارستانیبوون، کە تێیدا قسەکردنە لەبارەی ئەو جەنگانەی، کە لە پێناو سەربەخۆیی و شکاندنی داگیرکەر و بەدەستهێنانی سەروەت و سامان و خۆشگوزەرانی ڕوویانداوە، داستان گوزارشت لە قۆناغێک دەکات، کە هۆز و تیرەکان یەکیانگرتووە نەتەوەیەکیان پێکهێناوە، لەم ڕوانگەیەوە داستانی هەموو میللەتێک دەرخەری ئامانجەکانی ئەو میللەتەیە، و ئەو هەوڵ و تەقەلایانەی داویانە بۆ سەرفرازی و سەربەخۆیی بۆ نەوەکانی ئایندە دەگێڕێتەوە (شمیسا، ١٣٨٧: ٦٠).

لە بارەی سەرهەڵدانی داستان، بیروبۆچوونی جیاواز هەیە، بۆ نموونە بە بڕوای (لامارتین) داستان شیعری سەردەمی منداڵیی نەتەوەکانە، بەو مانایەی، کە داستان لە قۆناغی کەوتنەسەرپێ و گڕوگاڵی نەتەوەکانەوە سەریهەڵداوە (مەولود و حسێن، ٢٠١٨: ١٩٢). هەروەها د. عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ لەم بارەیەوە دەڵێت: "سەرەتاکەی لە دەورانێکی زۆر کۆنەوە، هەر لە کۆمەڵی خێڵەکییەوە دەستپێدەکات، و لە دەوری کۆیلەیەتیدا گەشەیسەند و لە دەوری دەرەبەگیشدا هەر لە پەرەسەندندا بوو، پۆیەمی داستان لەم هەموو دەورانەدا لە کۆڕی ئەدەبیاتدا، وەک ژانرێکی بە دیمەن جێگەی خۆی هەبووە" (ڕەسووڵ: ٢٠١٠: ٣٤). د. مارف خەزنەدار هەر لە بارەی سەرەتاکانی داستانەوە پێیوایە "چیرۆکی شیعری (ئیپیک) وەک بەرهەمێکی ئەدەبی مێژوویێکی گەلێ کۆنی هەیە، دەتوانین بڵێین ئەم جۆرە هونەرە میللییە لەگەڵ ژیانی ئادەمیزادی ناو ئەشکەوت پەیدابووە، لەو سەردەمانەدا تۆمار نەبووە، دەماودەم گێڕاویانەتەوە" (خەزنەدار: ٢٠١٠: ٣٩٢). بۆچوونێکی دیکە پێیوایە، کە مێژووی داستان ڕاستەوخۆ بەندە بە مێژووی هونەری گێڕانەوەوە (عومەر: ٢٠١٢: ١١٩).

به مەبەستی دیاریکردنی سەرەتاکانی سەرهەڵدانی داستان لە ئەدەبیاتی جیهانیدا، بە پێویستمانزانی مێژووی داستان بە سەر دوو قۆناغدا دابەشبکەین، کە بریتین لە:

قۆناغی یەکەم: ئەو داستانانەی، کە لە قۆناغی هەرە کۆندا نووسراونەتەوە و بە داستانی (گلگامێش)ی سۆمەری دەستیپێکردووە، کە بە کۆنترین داستان دادەنرێت و "لاوژەی گلگامێش لە بنەڕەتدا ئەفسانەیەکی سۆمەرییە، نزیکەی چوار هەزار ساڵ پێش ئێستا بە زمانی سۆمەری دانراوە، بە خەتی مێخی لەسەر خشتی قوڕ نووسراوەتەوە" (ئەمین: ٢٠١٢: ١٠٥). پاش سۆمەرییەکان داستان لای یۆنانییە کۆنەکان پێشکەوتنێکی باشی بەخۆوە بینیوە و بە بەرزترین ئاستی هونەری گەیشتووە، ئەمەش بۆ هەوڵەکانی (هۆمیرۆس)(١) دەگەڕێتەوە، کە دوو داستانی بە ناوبانگی (ئیلیادە و ئۆدیسا)ی هۆنیونەتەوە. ئەم داستانانە بەرهەمی سەدەی نۆیەم و هەشتەمی پێش زاینن، واتا ئەو کاتەی تازە لە یۆناندا جیاوازیی کۆمەڵایەتی و چینایەتی پەیدا بووبوو، کە هێشتا ڕژێمی یۆنان لە خێڵایەتییەوە نزیکبوو، لەو سەردەمەدا ئەم دوو داستانە هۆنراوەنەتەوە (ڕەسووڵ:٢٠١٠: ٣٦). دوای ئەمانە، داستانەکانی (مەهابەهارتا و ڕامایانا)ی هیندی دێن، کە داستانی (مەهابەهارتا) لە سەدەی پێنجەمی پێش زایندا نووسراوە، هەرچی داستانی (ڕامایانا)یە، چەند سەدەیەک دوای (مەهابەهارتا) نووسراوە. داستانی هیندی لە دوای داستانی یۆنانی بە کەمێک جیاوازی هاتەکایەوە، کە بە شوێنی خۆیەوە بەندە و هەوڵی تاکەکەسی بە ئاشکرا تێدا بەرچاو دەکەوێت، بە بەراورد بە داستانە کۆنەکانی یۆنان (سەرچاوەی پێشوو: ٣٨). ڕەوتی شیعری داستانی بەردەوام بووە، سەرەتای سەرهەڵدانی داستان لای ڕۆمانییەکان بە وەرگێڕانی داستانی (ئۆدیسا) دەستیپێکردووە بۆ سەر زمانی لاتینی، دوای ئەوە بەرهەمگەلی دیکەش سەریان هەڵدا (کەفائی:٢٠١١: ١٢٨). بەناوبانگترین بەرهەمی داستان لەناو ئەدەبیاتی ڕۆمانیدا، داستانی

(ئەنیادە)ی (فێرجیل)(٢)ە، "لە سەدەی زێڕینی ئەدەبیاتی لاتینیدا، واتە لە سالانی ٢٩ تا ١٩ی سەدەی یەکەمی "پ. ز"دا هاتەکایەوە"(ڕەسووڵ:٢٠١٠: ٣٨). کە لەسەر بنەمای داستانەکانی (هۆمیرۆس) هۆنراوەتەوە.

قۆناغی دووەم: ئەم قۆناغە لە دوای کپبوون و نەمانی داستان بۆ چەندین سەدە دەستپێدەکات، و بۆ سەرەتای سەدەکانی ناوەڕاست دەگەڕێتەوە و (شانامە)ی (فیردەوسی)(٣) نموونەی ئەم جۆرەیە، کە لە دەوروبەری سالّی (٣٧٠ی کۆچی)دا (فیردەوسی) دەستی بە هۆنینەوەی کرد و پێکهاتووە لە سێ بەش و نزیکەی (٦٠) هەزار دێڕە شیعرە، لە سالّی (٤٠٠ی کۆچی) کۆتایی بە نووسینی هێناوە (شمیسا: ١٣٨٧: ٧٠-٧١). دوای ئەوە داستانی (بیۆولیف)ی ئینگلیزی دێت، کە کۆنترین داستانە لە زمانە ئەورووپییە نوێکاندا، بە زمانی ئینگلیزی کۆن نووسراوە، ژمارەی دێرەکانی نزیکەی (٣٢٠٠) سێ هەزار و دوو سەد دێرە، لە سەدەی هەشتەمی زایینیدا هۆنراوەتەوە (کەفائی، ٢٠١١: ١٣٣). چەندین داستانی دیکە، وەکو داستانەکانی (ئازادی قودسی "تاسو"، کۆمیدیایی یەزدانی "دانتی"، بەهەشتی ونبووی "ملیتۆن"... هتد)، کە نموونەی ژانری داستانن لە ئەدەبیاتی ئەورووپیدا، بەلام مێژوو جێگەیەکی تایبەتی داناوە بۆ داستانە کۆنەکان؛ لەبەرئەوەی زۆرن ئەو داستانانەی لە سەردەمانی نوێدا نووسراون و دوای ماوەیەکی کەم لە بیرکراون، بەلام هەرچی داستانە کۆنەکانن هەروا بە گەشاوەیی ماونەتەوە و خۆیان پاراستووە و تا ئەمڕۆش بە حەز و ئارەزوویەکی زۆرەوە دەخوێندرێنەوە (کەفائی، ٢٠١١: ١١٩).

لە ئەدەبیاتی گەلانی ڕۆژهەلاتدا، لە دێرزەمانەوە ئەم ژانرە پانتاییەکی باشی داگیرکردووە، لەناو نەتەوە موسڵمانەکاندا باوبووە، میراتێکە پێش دەوری ئیسلام لە باب و باپیرانەوە بۆیان ماوەتەوە، مێژووی ئەدەبی نەتەوە و میللەتە ئێرانییەکان و هیندوئێرانییەکان بە چیرۆکی شیعری

ڕازاونەتەوە، ئەم چیرۆکە شیعرییانە لای سەرجەم نەتەوەکانی ڕۆژهەڵات لە دوو سەرچاوەوە هەڵقوڵیوون، سەرچاوەیەکیان خۆماڵییە، سەرچاوەکەی دیکە بێگانەیە؛ لەبەرئەوە دەبینین ئەو چیرۆکانەی خۆماڵین لە بنەڕەتدا یەک بابەتن، بەڵام لە ڕووی هونەرییەوە، هەریەکەیان بە شێوەیەک هۆنراوەنەتەوە، وەک داستانەکانی (شیرین و فەرهاد، شیرین و خەسرەو، لەیلا و مەجنوون، مەنیجە و بیژەن ... هتد) (خەزنەدار: ٢٠١٠: ٣٩٢).

دەکرێت بڵێین ئەم داستانانە موڵکی کۆی نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتن، کە بەهۆی تێکەڵاویی زۆری کلتووری، ئاینی، کۆمەڵایەتی، هاوسێیەتی لە دێرزەمانەوە، ئەم بەرهەمانە مۆرکی تاکنەتەوەییان بەزاندووە، بۆ نموونە داستانی (لەیلا و مەجنوون)، کە چیرۆکێکی فۆلکلۆرییە و ناسنامەیەکی عەرەبی هەیە، بەڵام لای عەرەبەکان گرنگی پێنەدراوە و وەکو بەرهەمێکی بەرز تەماشانەکراوە، چونکە لە ئەدەبیاتی عەرەبیدا ئەم ژانرە بوونی نییە، هۆکاری ئەمەش بۆ پابەندبوونی ئەدەبەکەیان دەگەڕێتەوە بە یەکێتیی سەروا، کە ناتوانرێت بەرهەمی داستانی پێ بهۆنرێتەوە، ئەمە لەلایەک. لە لایەکی دیکەوە، بۆ ئەو ژینگە خێڵەکییە دەگەڕێتەوە، کە لەناو عەرەبەکاندا باوبووە، چونکە داستان بەرهەمێکی بەرزی ئەدەبییە لە ژینگەی لەم جۆرەدا چەکەرە ناکات، لەگەڵ ئەوەشدا دەبینین ئەم داستانە بۆتە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ داهێنانی چیرۆکی شیعری لە لایەن چەندین شاعیری کوردەوە لە ناوچە جیاوازەکانی کوردستاندا، بە ناوی داستانی (لەیلا و مەجنوون) (خەزنەدار: ٢٠١٠: ٣٩٢).

ئەم ژانرە لەناو ئەدەبیاتی کوردیشدا بناغە و بنچینەی هەیە، ئەگەرچی ڕەنگە بە تەواوەتی لە داستانی جیهانی نەچێت، بەڵام بەرهەمی لەو جۆرە، کە هەڵگری ڕەگەزەکانی داستان بێت و خاڵی هاوبەشی هەبێت لەگەڵ داستانی جیهانیدا بەرچاودەکەوێت، لەم بارەیەوە (د. عیزەدین

مستەفا ڕەسووڵ) دەڵێت: "ناتوانین بڵێین لە کوردیدا- شتی وەک بەشە نووسراوەکەی یۆنان و ڕۆمانمان هەیە- هەروەک زۆربەی گەلانی سەر زەمینیش لەو بابەتەیان نییە، بەڵام لە فۆلکلۆری کوردیدا گەلێک پۆیەم و ئیپۆپیا هەیە، کە شەقڵە گشتییەکانی داستانی جیهانی و داستانی فۆلکلۆرییان تێدا بەدیدەکرێ" (ڕەسووڵ، ٢٠١٠: ٤٠). ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە لە ئەدەبی فۆلکلۆری کوردیدا ئەم ژانرە بوونی هەیە ئەگەرچی هاوشێوەی داستانی جیهانی نییە؛ بۆیە دەبینین بە درێژاییی مێژووی کورد، هەر کارەساتێکی گرنگی سیاسی، مێژوویی، کۆمەڵایەتی، لە هەر مەڵبەندێکی کوردستان ڕوویدابێت، گۆرانیبێژەکان لەسەر کێشی بڕگەیی، بە زمانێکی پاراو چیرۆکێکی شیعرییان لێ سازکردووە، کە خەڵک چێژی تایبەتیان لێوەرگرتووە (شەمۆ، ٢٠١٠: ٧). نموونەی ئەم جۆرە داستانانەش، وەک داستانی (قەڵای دمدم)، کە باسی قارەمانیەتیی (خانی لەپ زێڕین) و هاوەڵانی دەکات و چەندین داستانی دیکەی وەک (لەیلا و مەجنوون، شیرین و فەرهاد، مەم و زین... هتد)، کە ناوەرۆکیان دڵدارییە، لە پاڵ ئەمەشدا وێنەیەکی گشتیی ژیانی کۆمەڵایەتیی کورد پێشاندەدەن.

**جۆرەکانی داستان:**

جۆرەکانی داستان بەپێی دوو بنەما دابەشدەکرێت، کە بریتین لە:

**یەکەم: بەپێی بنەمایی مێژوویی:**

بەپێی ئەم بنەمایە داستان دابەشدەبێت بۆ سێ جۆر، ئەمانەن:

١. داستانی نەریتی (Traditional): کە بە داستانی بەرایی، یان ئاسایی، یان داستانی فۆلکلۆریش ناودەبرێت، بە بناغەی داستان دادەنرێت و ڕەسەنترین جۆرەکانی داستانە، وەکو داستانەکانی (ئیلیادە و ئۆدیسای یۆنانی، مەهابەهاراتا و ڕامایانای هیندی... هتد) (حسەین: ٢٠٠٧: ٥٢).

٢. داستانی ناوەندی (Secondary): یان داستانی ئەدەبی، کە بە شێوەیەکی شارەزایانە لەسەر بنەمایی داستانە کۆنەکان یان بەراییەکان بنیاد دەنرێت، کە لەم جۆرە داستانانەدا شاعیر بە شێوەیەکی ئازادانە سوود لە داستانە کۆنەکان وەردەگرێت، بەڵام پێوەری داستانە کۆنەکان دەپارێزێت، وەک داستانی (ئینیادە)ی (فێرجیل)ی ڕۆمانی، کە لەسەر بنەمای داستانەکانی (ئیلیادە و ئۆدیسا) دانراوە (شمیسا: ١٣٨٧: ٦٦).

٣. داستانی سێیەمین (Tertiary Epics): ئەو داستانانەن، کە لە دوای داستانی ناوەندییەوە هاتوون و نووسەرەکانیان لەسەر بنەمای داستانەکانی دیکە، لە زمانێکی تر دانراون، وەک داستانی (ڕۆستەم و سوهراب)ی (ماتیۆ ئارنۆڵد)ی ئینگلیزی، کە لەسەر بنەمای (ڕۆستەم و سوهراب)ی شانامە دانراوە (حسەین:٢٠٠٧: ٥٢).

**دووەم: بەپێی بنەمای بابەت:**

بەپێی ئەم بنەمایەش داستان دابەشدەکرێت بۆ چوار جۆر:

١. داستانی ئەفسانەیی (Legendary): ئەم جۆرە داستانە، بە کۆنترین و ڕەسەنترین جۆری داستان دادەنرێت، کە پەیوەستە بە سەردەمی پێش مێژوو و لەسەر بنەمای ئەفسانە دامەزراوە، وەک داستانی (گلگامێش)ی سۆمەری و بەشێکی زۆری داستانە نەریتییەکان (Traditional) دەچنە ناو خانەی ئەم جۆرە داستانەوە (شمیسا: ١٣٨٧: ٦٧).

٢. داستانی پاڵەوانیەتی: ئەو داستانەیە، کە تێیدا باس لە ئازایەتی و قارەمانیی پاڵەوانێک یان چەند پاڵەوانێک دەکات و بە شێوەیەکی بەرز کارەکانی پاڵەوانەکە دەردەخات و زۆرجار لە وەسف و ستایشیاندا

زیادەڕۆیی و خەیاڵ و فەنتازیا تێکەڵ بە کارەکانیان دەکات، وەک ژیانی ڕۆستەم لە شانەمەی فیردەوسیدا (مەولود و حسێن: ٢٠١٨: ٢١٩_٢٢٠).

٣. داستانی ئاینی یان مەزهەبی: لەم جۆرە داستانەدا پاڵەوان کەسێکی ئاینی یان مەزهەبییە، لەسەر بنەما و پەیڕەوی ئەم ئاین و مەزهەبە کار و ڕەفتار دەکات، وەک کۆمیدیای ئیلاهی دانتی (شمیسا: ١٣٨٧: ٦٧_٦٨).

٤. داستانی عیرفانی: ئەم جۆرە داستانە زیاتر لە ئەدەبیاتی فارسیدا بەرچاودەکەوێت، کە پاڵەوانەکەی تێکەڵی یەکێک لە ڕێبازە عیرفانییەکان دەبێت و ڕێگای چوون بەرەو (فنا فی الله) دەگرێت، وەک داستانی (حەللاج)، کە لە نموونەی ئەم جۆرە داستانەیە (حسەین: ٢٠٠٧: ٥٣).

لە بەرانبەر ئەم پۆلێنکردنەی داستاندا، لە سەرچاوە مێژووییەکانی تایبەت بە ئەدەبیاتی کوردی، داستان بۆ دوو جۆر دابەش کراوە (واتە لە ڕووی بابەتەوە جۆرێک لە تایبەتمەندی لە داستانی کوردیدا هەیە)، کە بریتین لە:

١. داستانی قارەمانێتی: وەک (داستانی قەڵای دمدم، سوارۆ... هتد)

٢. داستانی دڵداری و ئەڤینی: وەک داستانی (خەج و سیامەند، شیرین و فەرهاد، مەم و زین) (عیزەدین مەستەفا ڕەسوڵ: ٢٠١٠: ٤١_٦٤).

**تەوەرەی دووەم:**

هەڵسەنگاندنی داستانی (مەم و زین)(٤)ی (ئەحمەدی خانی)(٥) بەپێی تایبەتمەندییەکانی ژانری داستان

ئاشکرایە سەرهەڵدانی داستان لەناو هەر گەل و نەتەوەیەکدا بەستراوەتەوە بە بیری نەتەوایەتییەوە، کە نەتەوە هەنگاوی گەورە دەنێت

بەرەو شارستانیەت و بوون بە خاوەنی کیانێکی سەربەخۆ، لەم ڕوانگەیەوە داستانی هەموو میللەتێک دەرخەری ئەو هەوڵانەیە، بۆ گەیشتن بەو ئامانجە، ئەم بیرە لای کورد لە دوای شەڕی چاڵدێرانی (١٥١٤ ز.) نێوان عوسمانی و سەفەوییەکاندا چەکەرەی کردووە، کاتێک کورد، وەک نەتەوەیەکی زیندوو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەستی بە پەراوێزخراوی کرد، لەو کاتەوە چەند بنەمایەک بۆ دەرکەوتنی شیعری داستانی سەریانهەڵدا، کە بە هەوڵەکانی (فەقێ تەیران)(٦) دەستپێدەکات، لەم بوارەدا چەند بەرهەمێکی هەیە، کە بە سەرەتایەکی باش بۆ سەرهەڵدان و دەرکەوتنی داستان دادەنرێن (مەولود و حسێن: ٢٠١٨: ٣٢٤). لە دوای ئەم هەوڵەوە، بەرهەمەکەی (ئەحمدی خانی) دێت، کە داستانی (مەم و زین)ە. چیرۆکی (مەم و زین) گێڕانەوەیەکی ئەدەبی فۆلکلۆری سەر زاری بووە و پێش ئەوەی (خانی) بە داستان بیهۆنێتەوە، لەناو کوردانی پارچەکانی کوردستاندا بڵاوبۆتەوە و لە لایەن گۆرانیبێژ و خۆشخوانەکانی کوردەوە بە شێوەی بەیت گوتراوە. (ئەحمەدی خانی) هەر لە منداڵییەوە گوێی لە بەیتی (مەم و زین) بووە، بە شێوەی گۆرانی و حیکایەت و چێژی لێوەرگرتووە و کاری تێکردووە و بووەتە ئیلهامبەخشێکی باش، بۆئەوەی (خانی) ئەم چیرۆکە زیندوو بکاتەوە و شاکارێکی ئەدەبی لێ بەرهەمبێنێت (خەزنەدار: ٢٠١٠: ٣٩٥). هەروەکو (خانی) دەڵێت:

وابکەم کە جیهانێ بێ و بنۆڕێ

دەژیەنمەوە زین و مەم لە گۆڕێ (خانی، ١٣٩٤: ١٤).

ئاشکرایە هەر ژانرێکی ئەدەبی خاوەنی چەند تایبەتمەندییەکە، کە ژانرەکەی لەسەر بینادەکرێت و دەبێتە بنەمای دروستبوونی ئەو ژانرە، داستانیش وەک یەکێک لە کۆنترین ژانرەکانی ئەدەب چەند تایبەتمەندییەکی هەیە کە دەبێتە خاڵی جیاکەرەوە و ناسینەوەی وەکو

ناسنامەی ژانرەکەی و بوونەتە بناغەی دروستبوونی دەقەکانی سەر بەم ژانرە. بە مەبەستی هەڵسەنگاندنی داستانی (مەم و زین)ی (خانی) بەپێی ئەم تایبەتمەندییانە، کارەکەمان دابەشی سەر سێ جۆر کردووە، کە بریتین لە:

١. ئەو تایبەتمەندییانەی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە داستانەکەدا بوونیان هەیە.

٢. ئەو تایبەتمەندییانەی بە شێوەیەکی ناڕاستەخۆ لە داستانەکەدا بوونیان هەیە.

٣. ئەو تایبەتمەندییانەی لە داستانەکەدا بوونیان نییە.

ئەو تایبەتمەندییانەی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە داستانەکە دا بوونیان هەیە:

١. لە سەرەتای زۆربەی داستانەکاندا بابەتی موناجات و پاڕانەوە لە خوداوەند دەبینرێت، وەک لە داستانی (ئیلیادە و ئۆدیسا)ی (هۆمیرۆس)دا بەرچاودەکەوێت، یان سەرەتای شانامەی (فیردەوسی) بە ستایشکردنی خودا و پێغەمبەر و خەلیفەکانی ڕاشیدین دەستپێدەکات (مەولود و حسێن: ٢٠١٨: ٢٠٧). لە داستانی (مەم و زین)دا بە هەمان شێوەی داستاننووسانی جیهانی لە دیباجەدا، بە ستایشی خوا و پێغەمبەر (د.خ) دەستپێدەکات، کاتێک دەڵێت:

سەرنامە بە ناوی تۆ خودایە

چی بێ ئەمە پیت و پێزی نایە

سەردێڕی پەڕی ئەوین پەرستان

جێ ناز و نیازی خۆشەویستان

ڕووناکی دڵ و بینایی چاوان

گەر تۆ نەبی کێ ئەوینی داوان؟

بێ ناوی تۆ نامە هیچ و پووچە

نەتنووسێ بنووس کەچ و کورووچە (خانی، ١٣٩٤: ١).

٢. لە داستاندا تۆڵەکردنەوە یەکێکە لە تایبەتمەندییە گرنگەکان؛ بۆیە لە زۆربەی داستانەکاندا دیمەنی تۆڵەکردنەوە بەرچاودەکەوێت، بۆ نموونە لە داستانی ئیلیادەدا (ئەشیل) تۆڵەی (پاترۆکلس)ی هاوڕێی لە (هیکتۆر) دەکاتەوە و دەیکوژێت، یان لە داستانی ئەنیادەدا (ئینیاس) تۆڵەی (پالاس) و جەنگاوەرانی دیکە لە (تۆرۆنۆس) دەکاتەوە (مەولود و حسێن: ٢٠١٨: ٢٠٩ _ ٢١٠).

لە (مەم و زین)یشدا دیمەنی تۆڵەکردنەوە بەدی دەکرێت، کاتێک (تاژدین) تۆڵەی (مەم) لە (بەکرە شۆڤار) دەکاتەوە و دەیکوژێت، هەروەکو (خانی) لە بەشی (شین بۆ مەمی هەژار و کوژرانی بەکری بەدکار)دا دەڵێت:

ئەو دەردە کە دات بە مەم لەسەرچی

هێشتا دەتەوێ لە دەس مە دەرچی

بگرە لە دەسم دەبانی دوو دەم

بتکەم بە یەکەم لە تۆڵەیی مەم

یەک بڕ سەری بەکری پێ نەوی بوو

لاشەی سەگی چەسپی سەر زەوی بوو (خانی، ١٣٩٤: ١١٠).

٣. لایەنی کات و شوێن لە داستاندا کراوەیە، دەگونجێت لە ماوەی چەند چرکەیەکدا گەلێک کاری سەرسوڕهێنەر ڕوودەن، سەبارەت بە شوێنیش لە داستاندا شوێن دیوێکی ئەفسانەیی هەیە، واتا شوێن تەواوی جیهان دەگرێتەوە، وەکو لە کۆمیدیای یەزدانیی (دانتی)دا شوێن بریتییە لە (زەوی، ئاسمان، بەهەشت، دۆزەخ و بەرزەخ) یان (گلگامێش) دەچێتە ژێر زەوی بۆ بینینی (ئەنکیدۆ)ی هاوڕێی لە جیهانی مردوواندا، دەکرێت بڵێین لە داستاندا کات و شوێن نالۆژیکین و ئاسایی نین (شمیسا: ١٣٨٧: ٧٩).

ئەم تایبەتمەندییەی کات و شوێن لە داستانی (مەم و زین)دا بەرچاودەکەوێت، بەوەی کاتەکە کاتێکی کراوەیە، بەڵام هاوشێوی داستانی جیهانی نالۆژیکی نییە، کات بە سروشتی خۆی دەڕوات، سەبارەت بە شوێن لەم داستانەدا (جزیرەی بۆتان)ە، کە شوێنی ڕوودانی ڕووداوەکانە، بەڵام لە پاڵ ئەمەشدا، شوێنی ئەفسانەیی و نالۆژیکی تێدایە بەدیدەکرێت، بە تایبەت لەو بەشەی داستانەکەدا، کە (پیاوچاکێ خەون بە بەکرەوە دەبینێ)، شوێن لەم خەونەدا بەهەشتە، کاتێک باسی (بەکر) دەکات، دوای لێخۆشبوونی خوای گەورە، چۆتە بەهەشت و بۆتە پاسەوانی دەرگای کۆشکی (مەم و زین) هەروەکو (خانی) دەڵێت:

باڵداری گیانی کەوتە گەشتێ

چوو گەردشی کرد لە ناو بەهەشتێ

وا تاج بە سەرێکی شۆخ لە دەرگا

زۆر قۆز و تەیار لە ڕەنگ و بەرگا

وێستاوە بە هێمنی لە جێوە

ڕووخۆشە، گەشە و بزەی لە لێوە

ئەی پایە بڵند وتی ئەتۆ کێی؟

ئەو کۆشکە بەکێ دەگا تۆی لێی؟

بەکرم وتی مامی پیری زانا

بەخشیمی بەزەی خودای توانا

ئەو کۆشکە دەبینی هەشت نهۆمە

هی وانە حەوت یەکێکی خۆمە (خانی، ١٣٩٤: ١١٨).

٤. لە داستاندا دیمەنی سەرنجڕاکێش و جوان، لە بابەتی زۆرانبازی، یان شمشێربازی بوونی هەیە (مەولود و حسێن: ٢٠١٨: ٢٠٦).

داستانی (مەم و زین) لەم تایبەتمەندییە خاڵی نییە، بابەتی لەم جۆرەی تێدا بەدیدەکرێت، وەک یەکێک لەو کلتوورانەی لەو کاتەدا لەناو کۆمەڵی کوردەواریدا باو بووە، کە لە بۆنە و ئاهەنگەکاندا ڕێوڕسمی لەم چەشنە ڕێکخراوە گەرچی ئەوەی لێرەدا هەیە لە ڕووی مەبەستەوە جیاوازە لەگەڵ داستانەکانی جیهاندا، بۆ نموونە لە بەشی (ڕازاندنەوی کچان و گواستنەوەی ستی)دا، کاتێک (ئەستی) بۆ (تاژدین) دەگوازنەوە چەندین ڕێوڕەسم ڕیکدەخرێن، یەکێک لەو ڕێوڕەسمانەی لەو بۆنەیەدا ڕێکخراوە زۆرانبازییە، وەکو (خانی) لەم دێڕەدا دەڵێت:

مەقلاتی دەدا یەک و یەکێ با

زۆرانی دەگرت یەک و یەکی گاز (خانی، ١٣٩٤: ٤٨)

٥. له هەموو داستانێکدا پاڵەوان سەرەڕای بوونی هێز و توانایی له ڕادەبەدەر خاڵی لاوازیشی هەیە، لەم ڕێگایەوە دژە پاڵەوانەکان زەفەری پێدەبەن دەیکوژن، بۆ نموونە (زیگفرێد) هەموو لەشی تەن زرێییە، تەنها نێوان شانەکانی نەبێت، که (هاگن)ی دوژمنی بەو شوێنە دەزانێت و ڕمێکی تێدەچەقێنێت و (زیگفرێد) دەکوژێت، یان پاژنەی پێی (ئەشیل)ی پاڵەوانی (ئیلیادە)، که خاڵی لاوازی ئەم پاڵەوانەیە (پاریس) تیرێک له پاژنەی پێی دەدات و دەیکوژێت (مەولود و حسێن: ٢٠١٨: ٢٠٦).

لەم داستانەدا به گشتی خاڵی لاوازی پاڵەوان بریتییه له عیشقی (زین)، که لەم ڕێگایەوە دژە پاڵەوان زەفەری پێدەبات و دەیخاتە زیندان، دواتر هەر ئەمەش دەبێتە هۆی مردنی پاڵەوان.

٦. پاڵەوانی داستان پاڵەوانێکی نەتەوەیی، یان هێمای نەژادی مرۆڤایەتییە، بۆ نموونە له داستانی (بەهەشتی ونبوو)ی (میلتۆن)دا، ئادەم نوێنەرایەتی ڕەچەڵەکی مرۆڤایەتی دەکات، یان (ئەشیل) له ئیلیادە و (ڕۆستەم)ی شانامەدا پاڵەوانی نەتەوەیین (شمیسا: ١٣٨٧: ٧٩).

لەم داستانەشدا (مەم) پاڵەوانێکی نەتەوەییی کوردە، کوڕی نووسەری میری بۆتانە، هەروەکو (خانی) دەڵێت:

مەم ڕۆڵەیی نووسەرێکی میر بوو

تاژدین کوڕی گەورەتر وەزیر بوو (خانی، ١٣٩٤: ٢١).

٧. یەکێکی دیکە له تایبەمەندییەکانی داستان فێڵ و تەڵەکەبازیی پاڵەوانی داستانە، دەبینین زۆرجار پاڵەوانانی داستان تووشی هێزگەلێک دەبن، که لەسەرووی توانای خۆیانەوەیە، بەڵام به بەکارهێنانی فێڵ و تەڵەکەیەک قوتاریان دەبێت (مەولود و حسێن: ٢٠١٨: ٢٠٨).

ئەم تایبەتمەندییە لە داستانی (مەم و زین)شدا بوونی هەیە، بە تایبەت کاتێک (مەم و زین) لەناو باغدا لە ژواندان، میر و ڕاوکەر بەسەریاندا دێن، لەم کاتەدا (مەم) هیچ چارەیەکی نامێنێت، بۆئەوەی میر و دار و دەستەکانی هەستی پێنەکەن خۆی نەخۆش دەکات و دەچێتە ناو نوێن و (زین)یش دەخاتە ژێر عەباکەی خۆی، تەنها (تاژدین) هەست بەم فێڵەی (مەم) دەکات، بۆ نموونە (خانی) لە وەسفی ئەم حاڵەتەدا دەڵێت:

تاریک بوو نەکاری کەس ببینێ

کوژایەوە تیشکی کوڵمی زینێ

مەم چوو لە نوێنێ پاڵی داوە

زینیشی وەشارت لە ژێر عەباوە (خانی، ١٣٩٤: ٧٦).

٨. ئایندەبینی و پێشگۆیی تایبەتمەندییەکی دیکەی داستانە، واتا لە داستاندا قسە لەبارەی ئەم دوو بابەتەوە دەکرێت، وەکو کوشتنی (ئەشیل) لە شەڕی تەڕوادەدا، یان لە شانامەدا کوشتنی (ئەسفەندیار) بە دەستی (ڕۆستەم) پێشگۆییان بۆ کرابوو (شمیسا: ١٣٨٧: ٨٣_٨٤).

لە داستانی (مەم و زین)شدا ئەم حاڵەتە بەدیدەکرێت، کاتێک (خانی) نوشتەنووسی هێناوەتە ناو داستانەکە و (حەیزەبوون)ی دایەن دەچێتە لای نوشتەنووس، بۆ ئەوەی فاڵ بۆ (زین و ئەستی) بگرێتەوە، نوشتەنووس پێشگۆییی بۆ کرد، کە ئەمانە عاشقی دوو کوڕی زۆر قۆزبوون، نەک دوو کچ، کە ئەوانیش (مەم و تاژدین)ن، وەک (خانی) لەسەر زاری نوشەنووسەوە دەڵێت:

لەو دەشتە لە ڕۆژی جێژنی نەورۆز

تووشیان بوو بە تووشی دوو کوڕی قۆز

دوو مانگ و دوو ڕۆژ بە یەک گەیشتن

یەکدەم دەم و دڵ دەیەک گەیشتن (خانی، ١٣٩٤: ٣٥).

چونکە لە سەرەتادا (زین و ئەستی) وایان دەزانی ئەوان عاشقی دوو کچ بوون؛ لەبەرئەوەی (مەم و تاژدین) لە ڕۆژی جەژنی نەورۆزدا جلی کچانیان لەبەرکردبوو؛ بۆیە (زین و ئەستی) کاتێک باسی ئەو ڕووداوە بۆ (حەیزەبوون)ی دایەن دەکەن دەڵێن دوو کچ بوون، کە ئێمە عاشقیان بووین، وەکو (خانی) لەسەر زاری (زین و ئەستی)وە دەڵێت:

لەم شارە هەچێکی مەستە چاون

دیومانن و گشتی ناسراون

ئیمرۆکە دوو کچ بە ئاڵ و واڵا

وەک یەک بە شمەک بە ساڵ و باڵا

تووشیان بوو بە تووشمان لە ناکاو

چۆن دڵ نەپەرێت و ئاو نەکا چاو (خانی، ١٣٩٤:٣١-٣٢).

٩. لەبەرئەوەی داستان شێوازی دەربڕینی بەرز و باڵایە؛ بۆیە شتێکی سروشتییە، کە ڕووبەڕووی وشەی کۆن و ترسناک ببینەوە، یان شوێنی سامناک و تاریک، یاخود دەربڕینی خەیاڵی و لایەنی فەنتازیی دەقەکەش وادەخوازێت، کە پێویستە ئەم جۆرە شوێن و دەربڕینە خەیاڵی و کۆنانە هەبن، هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە داستان زۆرجار سوود لە مێژوو و ئەفسانە وەردەگرێت، کە ئەمانەش وشە و دەربڕینی سەیر و سەمەرە لەخۆدەگرن (مەولود و حسێن: ٢٠١٨: ٢٠٩).

داستانی (مەم و زین) لە ڕووی شێوازی دەربڕینەوە ئاستێکی هونەریی بەرزی هەیە، لێوانلێوە لە هونەرەکانی ڕەوانبێژی، وەک لێکچواندن و خواستن، جوانکاری، ڕەگەزدۆزی... هتد، کە ئاستی شیعریەتی داستانەکەیان زیاتر بەرزکردۆتەوە، داستانیش وەکو ژانرەکانی دیکەی ئەدەب پێویستیی زۆری بە بنەماکانی شیعریەتی دەق هەیە، لە ڕووی بەکارهێنانی دەربڕینی خەیاڵی و فەنتازیاشەوە، دەبینین چەند کەسایەتیی خەیاڵی بوونیان هەیە لە داستانەکەدا، وەک (خدری زیندە) یان (پیری غەیبزان)، یان چۆنیەتیی مردنی (مەم) لە زیندان، کە دوو تیشک بە یەک دەگەن و (مەم) گیانی دەردەچێت و دەمرێت، وەکو (خانی) دەڵێت:

وتیان لە دەرێوە هات تروسکێ

دەرچوو لە سەری مەمیش برووسکێ

لەو کاتەوە مەم نەما لەسەر هۆش

پێی خۆش نییە ڕابێ لەو خەوی خۆش (خانی، ١٣٩٤: ١٠٥).

هەروەها کاتێک (مەم) لە سەر قسەی (زین)ی مەعشووقی زیندوو دەبێتەوە، کە وروژاندنی لە داستانەکەدا دروستکردووە، ئەم جۆرە دەربڕینە خەیاڵییانە لە داستانەکەدا بوونی هەیە، هەروەک (خانی) لەسەر زاری (زین)وە دەڵێت:

ئەی مەم! وتی بۆت گەلێ بە تاسەم

گیان بێنەوە بەر بە بای هەناسەم

بۆی ژیایەوە مەم بە گفتی زینێ

بووژایەوە بەشبڕاو لە ژینێ (خانی، ١٣٩٤: ١٠٦)

١٠. پاڵەوانانی سەرەکیی داستان پاڵەوانێکی تێکەڵە لە خوداوەند و مرۆڤ، یاخود قارەمانێکی سەیر و سەرسوڕهێنەرە و توانای ئەنجامدانی گەلێک کار و کردەوەی دەگمەنیان هەیە، کە لە سەروو توانایی مرۆڤی ئاساییەوەن، وەک (گلگامێش، ڕۆستەم، بیۆوۆڵف) کە تواناکانیان لە سەرووی دەسەڵاتی مرۆڤی ئاساییەوە بوو (مولود و حسێن: ٢٠١٨: ٢٠٢).

بەپێی ئەم تایبەتمەندییە بێت داستانی (مەم و زین) سەرەڕای بوونی پاڵەوانانی سەرەکی تێیدا، وەکو (مەم و زین ...هتد)، بەڵام پاڵەوانەکان هەڵگری تایبەتمەندیی خوداوەند نین و بەهۆی ئەو سروشتە سۆفیگەرییەی داستانەکە هەیەتی لە لایەک و لە لایەکی دیکەوە هۆکاری سەرەکیی جیاوازییەکەی لەگەڵ تایبەتمەندی و بنەما گشتییەکانی ژانری داستان بۆ ئەو گۆڕانانە دەگەڕێتەوە کە هەر ژانرێک لە مێژووی خۆیدا بەسەریدادێت، بۆ نموونە سەردەمی نووسینەوەی ئەم داستانە بۆ قۆناغێک دەگەڕێتەوە، کە بیری ئەفسانەیی و فرەخواوەندی و نالۆژیکی لە هۆشی مرۆڤایەتیدا ڕەواوەتەوە؛ بۆیە هاتنە کایەی سەردەمە نوێیەکە گۆڕان لە سروشت و تایبەتمەندییەکانی ژانرەکەشدا دروستدەکات، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی، کە کەسایەتیی پاڵەوانەکان هەمان تایبەتمەندیی کەسانی ئاسایی هەیە، بەڵام لە هەمان کاتدا کۆمەڵێک کاری سەرسوڕهێنەر ئەنجامدەدەن، کە لە توانای کەسانی ئاسایی بەدەرە، بۆ نموونە ئەمە لەو بەشەدا دەردەکەوێت، کە (زین سەری کوشتەی خۆی دەدا)، کاتێک لەسەر داخوازیی (زین) مەمی عاشق دووبارە زیندوو دەبێتەوە، ئەنجامدانی ئەم جۆرە کارە لە لایەن پاڵەوانی داستانەکە کارێکی سەیر و سەرسوڕهێنەرە، کە لە توانای کەسانی ئاسایی بەدەرە، هەروەکو (خانی) دەڵێت:

ئەی مەم! وتی بۆت گەلێ بە تاسەم

گیان بێنەوە بەر بە بای هەناسەم

بۆی ژیایەوە مەم بە گفتی زینێ

بووژایەوە بەشبڕاو لە ژینێ

دای تیشکی ئەوین لە ناو دەروونی

هێز کەوتەوە گوڕ، ڕەوی زەبوونی

هەرچاوی کەوت بە مەستی چاوی

تین هاتەوەبەر دڵ و هەناوی

فرمێسکی کە هات لە چاوی ڕەشدا

لەو مردووە بوونە خوێن لە لەشدا (خانی، ١٣٩٤: ١٠٦)

١١. یەکێکی دیکە لە تایبەتمەندییەکانی داستان ئەوەیە، کە داستان دوای چەند ماوەیەک لەو ڕووداوانەی قسەیان لە بارەوە دەکرێت دەردەکەوێت، واتا لە پشت هەر داستانێک پاشخانێکی کۆنی چیرۆک و ئەفسانە و ڕووداوی فۆلکلۆری بوونیان هەیە، لەسەر بنەمای ئەو خەرمانە کۆنانە داستان بنیاددەنرێت، وەکو داستانی (ئیلیادە و ئۆدیسا) چەند سەدەیەک پێش (هۆمیرۆس) چەندین شاعیر (ئیلیادە و ئۆدیسا)یان خولقاندووە و بوونیان هەبووە، یان داستانی (ڕۆلاند) چەند ڕەخنەگرێک پێیانوایە، کە گرێدراوی چەند ڕووداوێکە، لە ساڵی (٧٧٨ ز.)دا ڕوویانداوە (مەولود و حسێن: ٢٠١٨: ٢١٠).

ئەم بنەمایەش لە داستانی (مەم و زین)دا هەیە، چونکە چیرۆکی (مەم و زین) بۆ سەردەمێکی کۆن دەگەڕێتەوە، وەکو پێشتر ئاماژەی پێدراوە، لەناو پارچەکانی کوردستاندا بەربڵاوبووە، چەندین گۆرانیبێژ و حیکایەتخوان بە شێوەی بەیت گێڕاویانەتەوە، (خانی)ش لە دەمی ئەوانەوە

گوێبیستی بووه و کاری تێکردووه، ویستوویەتی ئەم بەرهەمە ناوازەیەی لەناو فۆلکلۆری کوردی نوێبکاتەوه و شاکارێکی ئەدەبی لێ دروستکردووه، کە داستانی (مەم و زین)ە، هەروەکو (خانی) لەم بارەیەوە دەڵێت:

وابکەم کە جیهانێ بێ و بنۆڕێ

دەژیەنمەوە زین و مەم لە گۆڕێ

لەو دووی لە ئەوین بەزام و بیمار

با خۆم بکەمە پزیشک و زانیار

با گەش ببنەوە بە خەم بڵێن بەس

ببنە نەمر و نەچن لە بیر کەس(خانی، ١٣٩٤: ١٤).

١٢. ڕووداوەکانی داستان لە کاتێکی زووی مێژووی مرۆڤایەتی ڕوودەدەن، کە بۆ قۆناغە سەرەتاییەکانی ژیانی هەر نەتەوەیەک دەگەڕێنەوە (مەولود و حسێن: ٢٠١٨: ٢٠٤). ڕووداوی ئەم داستانە، بە بڕوای هەندێک لە ڕۆژهەڵاتناسان زۆر کۆنە و سەردەمەکەی نازانرێت، بەڵام بەپێی دەقەکەی (خانی) بێت، ڕووداوی داستانەکە بۆ سەردەمی فەرمانڕەوایەتیی میرنشینی بۆتان دەگەڕێتەوە، بۆ نموونە (خانی) لە وەسفی میری بۆتاندا، لە بەشی (پەسندی میری بۆتان و جووتە خوشکە جوانەکەی)دا، دەڵێت:

میرێ هەبوو ڕۆژگاری پێشوو

دڵخوازی بەچی هەبوو هەمووی بوو

سەرداری گەلێ گەلی زل و ورد

تۆوی عەرەبان و سەروەری کورد

پایتەختی جزیر و بەختی چابوو

زۆر دەستی گوشاد و شاد و شابوو

ڕۆم و عەرەب و عەجەم لە فەرمان

ناوبانگی هەبوو بە میری بۆتان(خانی، ١٣٩٤: ١٦).

١٣. لە داستاندا چاومان بە بەرجەستەیی و هێز و دەسەڵات و سادەیی و مەزنی دەکەوێت، بۆ نموونە ژیانی (ڕۆستەم) و زۆربەی پاڵەوانانی نێو شانامە سەرەڕای ئەو سادەییەی هەیانە خاوەنی مەزنی و شکۆمەندییەکی بێوێنەن. (شمیسا: ١٣٨٧: ٨٦)

لە داستانی (مەم و زین)دا ئەم تایبەتمەندییە بە ڕوونی هەستپێدەکرێت، بە تایبەتی لە بەشی (پەسندی میری بۆتان و جووتە خوشکە جوانەکەی)دا، کاتێک (خانی) وەسفی میری بۆتان دەکات، سەرەڕای مەزنی و ئەو هێز و دەسەڵاتەی هەیەتی، بەڵام لە هەمان کاتدا خاوەنی سادەیی و بەخشندەیی و بەزەییەکی زۆربوو لەگەڵ خەڵکی هەژاری ژێر قەڵەمڕەوی خۆی ئەم سادەیی و بەخشندەییەشی لە خواناسییەکەیەوە سەرچاوەی گرتبوو، بۆیە لەم داستانەدا هەم چاومان بە هێز و دەسەڵاتی میری بۆتان هەمیش چاومان بە سادەیی و بەخشندەییەکەی دەکەوێت، هەروەکو (خانی) دەڵێت:

میرێ هەبوو ڕۆژگاری پێشوو

دڵخوازی بەچی هەبوو هەمووی بوو

سەرداری گەلێ گەلی زل و ورد

تۆوی عەرەبان و سەروەری کورد

پایتەختی جزیر و بەختی چابوو

زۆر دەستی گوشاد و شاد و شابوو

ڕۆم و عەرەب و عەجەم لە فەرمان

ناوبانگی هەبوو بە میری بۆتان

خواناسی ئەویش بەدەنگ و ناوبوو

بۆ هەردوو جیهان خودا پێداوبوو

حاتەم لە دەهندەیی و بەزەیبوو

ڕۆستەم هەڕەسێکی وی بەسی بوو

ژیری و هونەر و بەکاری و دین

بەردە و بگری بەداد و بەخشین

هێندە سادە و لوسەکە و نۆکەری بوو

ژوور و دەری هەر پڕی پەری بوو (خانی، ١٣٩٤:١٦-١٧).

هەروەها لە بەشی (ئازایەتیی تاژدین و برایانی و دۆستایەتیی مەم و تاژین)دا، بە هەمان شێوە چاومان بە هێز و دەسەڵات و سادەیی دەکەوێت، کاتێک (تاژدین و برایانی) کە لە بنەماڵەی میر و بەگزادەکانی بۆتان بوون و خزمی نزیکی (میر زێنەدین) بوون، خاوەنی دەسەڵات و

هێزێکی زۆربوون، بەڵام سەرەڕای ئەو هێز و دەسەڵاتەی هەیانبوو زۆریش سادە و خاکی و دڵپاک بوون، لەگەڵ (مەم) کە کوڕی نووسەرێکی میر بوو، لە ڕەگەز و بنەماڵەی ئەوان نەبوو، بەڵام وەک برای گیانی وابوون بۆی، کە ئەمەش دەرخەری سادەیی و خاکیبوونی ئەوانە سەرەڕای بوونی هێز و دەسەڵاتێکی زۆر، هەروەک (خانی) دەڵێت:

لەو کۆشک سەرایەدا بوو سەد لاو

خوێن شیرن و ڕێک و پێک و بەرچاو

هەریەک بە جوانی ڕۆژی ڕووناک

ڕووخۆش و لەبار و دەست و دڵپاک

تاژدین بوو بەڵام چتۆ جوانێک؟

گۆدەرزی جیهان و پاڵەوانیک

میر کامە ڕەگەز بوو ئەو لەوان بوو

سەر کۆمەڵ و گەورە و گران بوو

تاژدین دوو برای بوو، کوا وەکی وان؟

پێمێردی خودا دەگەڵ چەکی وان

ئازایی لە پاش وان درۆ بوو

یەک عارفی ناوبوو یەک چەکۆ بوو

مەم ڕۆڵەیی نوسەرێکی میر بوو

تاژدین کوڕی گەورەتر وەزیربوو

هەڵیان نەدەکرد بەبێ یەک و دوو

جیاوازی بە دڵ نەبوو بە لەش بوو

بۆ یەکدی ببوونە دۆستی گیانی

دەرچوو لە زمانی و لە نانی (خانی، ۲۰:۱۳۹٤-۲۱).

ئەو تایبەتمەندییانەی بە شێوەیەکی ناڕاستەخۆ لە داستانەکە دا بوونیان هەیە:

١. داستان بەرهەمێکە لە ناوەڕۆکدا هەڵگری بابەتی شەڕ و شۆڕ و پاڵەوانیەتییە، وەک لە داستانی (ئیلیادە)دا، کە باسی شەڕی نێوان ئەسپارتە و تەروادە دەکات (مەولود و حسێن: ۲۰۱۸: ۲۰۳).

داستانی (مەم و زین) ناوەڕۆکەکەی باسی عەشق و ئەویندارییی کچ و کوڕێک دەکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بابەتی شەڕ و شۆڕ بوونیان هەیە، لە داستانەکەدا، بە تایبەت لە بەشی (تێچاندنی بەکرە مەرگەوەڕی شۆڤار و دوو زمان)دا، کاتێک (بەکرە مەرگەوەڕ) بە خراپە باسی هەریەکە لە (مەم و تاژین) دەکات لای میر (زێندین)، بەڵام میر لە سەرەتادا بڕوا بە (بەکرە مەرگەوەڕ) ناکات، باسی ئازایەتیی (مەم و تاژدین) دەکات، کە چۆن لە شەڕ دژی عەجەمدا قارەمانیەتییەکی بێوێنەیان نواندووە واتە لێرەشدا مەم وەکو پاڵەوان تەماشاکراوە و سیفەتی پاڵەوانی دراوەتە پاڵ، بۆ نموونە (خانی) لەسەر زاری (میر)ەوە، دەڵێت:

ڕۆژی شەڕەکەم لەگەڵ عەجەمدا

کاتێ کە سەرنجی ئەو دووەمدا

تاژدین لەبەرێک و مەم لەلایە

دوژمن هەموو کەوتە هەڵوەلایە

دوو سەد عەجەمی بە تیر و پەیکان

بە کڵاو زرێ و بە شیر و قەڵغان

دیل بوون بە دەس ئەم دووە بە تەنیا

ئەم دووانە چلۆن دەدەم بە دنیا(خانی، ١٣٩٤: ٥٥).

٢. لە داستاندا ژنێکی جوان، یان خوداوەندێک عاشقی پاڵەوان دەبێت، بەڵام پاڵەوان گرنگی بەو عاشقە نادات و پشتی تێدەکات، بۆ نموونە لە داستانی (گلگامێش)دا خوداوەندی (عەشتار) عاشقی (گلگامێش) دەبێت، بەڵام (گلگامێش) گوێی پێنادات، ئەمەش دەبێتەهۆی تووڕەبوونی (عەشتار) و (گایەکی باڵدار) بۆ وێرانکردنی وڵاتی گلگامێش دەنێرێت، یان (کریشنا) گرنگی بە کچی شوانەکان نادات، تەنها دڵی لای (ڕادا)یە (شمیسا: ١٣٨٧: ٧٨).

لەم داستانەشدا (زین) خوشکی میری بۆتانە، یەکێکە لە کچە هەرە جوانەکانی ئەو میرنشینە عاشقی (مەمی ئالان) دەبێت، کە پاڵەوانی سەرەکیی داستانەکەیە، (خانی) لە وەسفی جوانیی (زین)دا دەڵێت:

لاجانگ وەکوو زیو چەناگە وەک سێو

ئاونگێ لە ئاوی ژین لەسەر لێو

سەر کۆڵمە وەکی پەڕی گوڵی ئاڵ

چێنرابوو تیا دەنک- دەنک خاڵ

تەنگی دەم و دەنگی پێکەنینی

بردیان بڕەوی بتانی چینی (خانی، ١٣٩٤: ١٧_١٩).

بەڵام بە پێچەوانەی پاڵەوانی داستانی جیهانی، (مەم) لە عاشقی (زین) کەف و کوڵیەتی، وەک مۆم دەسووتێ لە دووریی (زین) و بە داخی نەگەیشتن بە مەعشووقەکەی سەردەنێتەوە، بۆ نموونە (خانی) لە بەشی (سووتانی مەم لە دووریی زینێ)دا دەڵێت:

مەم زۆرتری زینێ دەردەدار بوو

خەم لەم کە یەکێ بوو لەو هەزار بوو

ڕەنگ زەرد و بە دەرد و بار لە لێوان

دێوانە و شێت و دایە کێوان

پەتیارەیی وای لەسەر ببوو زاڵ

ئارامی نەما لە شار و ناوماڵ(خانی، ١٣٩٤: ٦١_٦٢).

٣. پاڵەوانی داستان لە هەر قۆناغێکی ژیانیدا ڕووبەڕووی دژە پاڵەوانێک دەبێتەوە، بۆ نموونە (ڕۆستەم) ڕووبەڕووی (ئەفراسیابە) و (ئاهورامەزدا) لەگەڵ (ئەهریمەن)دا، یان مەسیح توشی (دەجاڵ) دەبێت (شمیسا: ١٣٨٧، ٨٠).

لە (مەم و زین)دا ئەم تایبەتمەندییە بەم شێوەیە بەدیناکرێت؛ لەبەرئەوەی پاڵەوان و دژە پاڵەوان لەم داستانەدا لە مەیدانی شەڕدا ڕووبەڕووی یەک نابنەوە، بەڵکو پاڵەوان، کە نوێنەرایەتیی چاکە و

خۆشەویستی دەکات، دژە پاڵەوانیش نوێنەرایەتیی بەلا و خراپەکاری دەکات، لە سەرەتاوە تا کۆتایی داستانەکە ڕووبەڕووی یەک دەبنەوە، لە دوای مردنی پاڵەوانیش دژە پاڵەوان بوونی هەیە، لە گۆڕیشدا دەبێتە لەمپەر بۆ پاڵەوان و مەعشووقەکەی، کاتێک دڕووی (بەکر) لە هەردوو نەمامی (مەم و زین) دەهاڵێت واتە دژە پاڵەوانێک لە هەموو قۆناغەکاندا ڕووبەڕووی پاڵەوان دەبێتەوە، وەکو (خانی) لە بەشی (چقڵی مەم و زینان)دا دەڵێت:

گلکۆی بەکری چنۆکی بەدکار

دارێکی ڕواند دڕوو، چقڵ دار

هاویشتی پەلی بەرەو نەمامان

پێچای سەر و بن لە ڕەگ، لە دامان

هەرتەنیەوە پێچی دا هەتا سەر

نێوانی تەنین و بوو بە لەمپەر (خانی، ١٣٩٤: ١١٧).

٤. پاڵەوانی داستان لەگەڵ ئەوەی هەڵگری سیفاتی توندوتیژییە، خەریکی شەڕ و خوێنڕێژییە، بەڵام هەڵگری سیفاتی دیکەی وەکو هەست و سۆز و وەفا و میهرەبانییە، بۆ نموونە (ئەشیل)ی پاڵەوانی داستانی (ئیلیادە) لەگەڵ ئەوەی کەسێکی شەڕاوی و توندوتیژە، بەڵام کاتێک هەواڵی کوژرانی هاوڕێکەی (پاترۆکلس)ی پێدەگات، خۆی پێناگیرێت و هەست بە غەمباری دەکات، یان (ئۆدسیۆس) لە داستانی (ئۆدیسا)دا کاتێک پاسەوانی زیندانەکە داوای هاوسەرگیری لێدەکات، بەڵام پێی ڕازینابێت و وەفا و ئەمەک بۆ (پینیلۆپ و تیلماکس) دەنوێنێت (مەولود و حسێن: ٢٠١٨: ٢٠٩).

پاڵەوانی داستانی (مەم و زین) هەڵگری سیفەتی توندوتیژی نییە؛ لەبەرئەوەی ئەم داستانە لەسەر بنەمای فەلسەفەی چاکەکاری و لێخوشبوون دامەزراوە، پاڵەوانی ئەم داستانە هەڵگری سیفەتی ئاشتیخوازی و چاکەکارییە، سەرەڕای بوونی دژە پاڵەوانێکی خراپەکار و شۆڤار لە بەرانبەریدا، کە (بەکرە مەرگەوەڕ)ە و ئەنجامدانی چەندین کاری خراپ بەرانبەر بە پاڵەوانانی ئەم داستانە، کە بە مەرگی هەردوو پاڵەوانەکە کۆتاییدێت، بەڵام هەست و سۆزی بەزەیی پاڵەوانانی ئەم داستانە لە لوتکەی مرۆڤایەتی و لێخۆشبووندایە، ئەمەش کاتێک دەردەکەوێت، کە (زین) دڵی بە (بەکر) دەسووتێ و بۆی دەپاڕێتەوە لە (میر و تاژین)، وەکو (خانی) دەڵێت:

چیرۆکی بەکر کە گەییە کن زین

پاڕایەوە بۆی لە میر و تاژدین

پیاو چاک لە ڕق و لە کینە دوورن

هەرچەندە بە سووچە لێی ببوورن(خانی، ١٣٩٤: ١١٢).

سەرەڕای ئەو هەموو خراپەکارییە، لەگەڵ ئەوەشدا (زین) بە دۆستێکی باشی خۆیانی دەزانێت، پێیوایە ئەگەر (بەکر) نەبووبا ئەوا عەشقەکەی ئەوان ئەوەندە گەورە نەدەبوو و ناوبانگی لە کۆمەڵی کوردەواری دەرنەدەکرد، شەرمەزار و ئابڕووتکاو لەناو کۆمەڵگادا دەردەچوون؛ لەبەرئەوە ڕێز و ئەمەکداریی بۆ هەیە، کە ڕێگای ڕاست و پاکی پێنیشانداون، هیوای شادی و بەختەوەری بۆ دەخوازێت و دەڵێت: چیدیکە ئابڕووی مەڕێژن و لای ئێمەوە بینێژن، با لەو دنیاش هەر پاسەوانی ئێمە بکات، هەروەکو (خانی) لەسەر زاری (زین)ەوە دەڵێت:

گەر پیسی وەک بەکر نەبووبا

هیچ دوور نەبوو ئابڕووی مە چووبا

هەرچەندە بە بەڕواڵەت ناتەبا بوو

ڕاستیو دەوێ بۆ مە دۆستی چابوو

گەر ئەو نە دەبوو بە لەمپەری مە

گومڕایی دەبوو بە ڕێبەری مە

وا دەرنەدەچووین لە شەرمەزاری

پیرۆز نەدەبووین لە کوردەواری

هەرچەندە خۆی گەیشتە زیانی

دۆڕاندی لە ڕێی مەدا ژیانی

پێم خۆش نییە هیچ گرێی وەبەر بێ

هیوام هەیە شادی و بەختەوەر بێ

ئیدی بەسە ئابڕووی مەڕێژن

لەو جێ کە من و مەم دەنێژن

ئەو ببوە سەگێکی پاسداری مە

با هەر بکەوێ لەبەر دەری مە

لای ئێمە بنێژرێ با گیانی

پاسی مه بدێرێ لەو جیهانی(خانی، ١٣٩٤: ١١٢).

٥. لەبەرئەوەی پاڵەوانی داستان تێکەڵەیەکە لە خوداوەن و مرۆڤ؛ بۆیە ناکرێت مردنەکەی لە پێش چاوی خەڵکی ئاسایی بێت، بۆ نموونە لە داستانی (ڕۆستەم و زۆراب)دا هەردووک پاڵەوانەکە دەمەوبەیانییەکی زوو بەرەو دەشتێکی دوور لە چاوی خەڵکی دەڕۆن، دوای شەڕێکی دوور و درێژ بۆ لای سوپاکەی خۆیان دەگەڕێنەوە. (شمیسا: ١٣٨٧: ٨٣)

وەک پێشتر ئاماژەی پێدراوە پاڵەوانی ئەم داستانە مرۆڤە نەک خوداوەند، ئەمەش بەهۆی سروشتی داستانەکە و ئەو گۆڕانکارییانەی بە درێژایی مێژوو بەسەر ژانری داستان داهاتوون، لە ئەنجامی ئەم گۆرانکارییەنەدا پاڵەوانەکانیش گۆڕانکارییان بەسەر داهاتووە لە خوداوەندەوە بوون بە مرۆڤ، وەک لەم داستانەدا بەرچاودەکەوێت، کە پاڵەوانەکانی کەسایەتی ئاساییین ئەمە لە لایەک. لە لایەکی دیکەوە، مردنی پاڵەوان لەم داستانەدا مردنێکی تەمومژاوییە، ڕاستە لەبەر چاوی زیندانی و هاودەمەکانی دەمرێت، بەڵام مردنەکەی وەکو مردنی مرۆڤێکی ئاسایی نییە، چونکە لە ئەنجامی بە یەکگەیشتنی دوو تیشک پاڵەوانەکە دەمرێت، کە یەکێکیان لە دەرەوە هاتووە ئەوەی دیکەیان لە سەری پاڵەوانەکە دەرچووە، هەروەکو (خانی) لە بەشی (زین سەری کوشتەی خۆی دەدا) دەڵێت:

پرسی لە کەسانێ هاودەمی بوون

هاوبەندی گران و هاوخەمی بوون

وتیان لە دەرێوە هاتترووسکێ

دەرچوو لەسەری مەمیش برووسکێ

یەک وێنەی مانگ و ڕۆژ ئەویتر

هالّا ئەوی ژوور لەوی نەویتر

یەک بۆ یەکی کەوتە تیشکە ڕشتن

تا بوونە یەکێک و پێک گەیشتن

لەوکاتەوە مەم نەما لەسەر هۆش

پێی خۆش نییە ڕابێ لەو خەوی خۆش (خانی، ١٣٩٤: ١٠٥).

ئەو تایبەتمەندییانەی لە داستانەکەدا بوونیان نییە:

١. لە داستاندا گیانداران دەورێکی گەورە دەگێڕن لە ڕووداو و پێشهاتەکاندا، گیانداری ئاسایی نین، وەک ئەسپەکەی (ئەشیل) توانای پێشبینیکردن و قسەکردنی هەیە، یان (گای باڵدار) لە داستانی گلگامێشدا... هتد (مەولود و حسێن: ٢٠١٨: ٢٠٣).

لە داستانی (مەم و زین)دا، ئەم تایبەتمەندییە بوونی نییە، سەرەڕای ئەوەی گیانداری ئاسایی بەرچاودەکەون، لە وێنەی (ئەسپ و کاوڕ و گیسک)دا، بەڵام هاوشێوەی ئەو گیاندارانە نین، کە لە داستانی جیهانیدا هەن، بە تایبەتی لەو بەشەی، کە باسی خوازبێنی و گواستنەوەی (ئەستی بۆ تاژدین) دەکات، کاتێک بۆ میوانان (کاوڕ و گیسک) سەر دەبڕن، هەروەکو (خانی) دەڵێت:

تا کاوڕ و گێسکی عاسمانان

برژان و نرایە بەر میوانان (خانی، ١٣٩٤: ٤٣).

یان کاتێک مەڕاسیمی ئەسپسواری ڕێکدەخرا، بۆ سوارچاکان، ئەسپ وەک گیاندارێک لەم مەڕاسیمانە بەرچاودەکەوێت، هەروەک دەڵێت:

هێندە ئەسپ و پیادە تێکشا و هات

بیچارە پەژارە کەوتە شامات

لەرزانە و خشڵی هەوری لاران

ڕمبازی و هەو- هەوی سواران (خانی، ١٣٩٤: ٤٦_٤٧).

٢. پاڵەوانی داستان گیاندارێکی ترسناک، یان دێوێک، یان ئەژدیهایەک دەکوژێت، وەکو ڕۆستەم و ئسفەندیار ئەژدیها و دێوی سپی دەکوژن، یان گلگامێش و ئەنکیدۆ (هومبابا)ی دەکوژن، کە دێوێکی سامناکە و پاسەوانی دارستانی (سیدر)ە (شمیسا: ١٣٨٧: ٧٥).

لە داستانی (مەم و زین)دا ئەم تایبەتمەندییە بەرچاوناکەوێت، کە پاڵەوان گیاندارێکی ترسناکی، وەکو دێو، یان ئەژدیها بکوژێت، بەڵام پاڵەوان لەم داستانەدا لە سەرەتاوە تا کۆتایی لەگەڵ ئەژدیهای نەفس و حەز و ئارەزووی دنیایی لە جەنگدایە، ئەمەش بۆ ئەو سروشتە سۆفیگەرییە دەگەڕێتەوە، کە باڵی بەسەر داستانەکەدا کێشاوە، چونکە (خانی) لە هۆنینەوەی (مەم و زین)دا (زیاتر خەریکی وەسفی سۆفیگەرییە، لە چوارچێوەی شەریعەتی ئاینی ئیسلامدا، ئەمەش لە بیروباوەڕی سۆفیگەریی (خانی)ەوە سەرچاوەی گرتووە) (خەزنەدار: ٢٠١٠: ٤٠٨).

٣. لە داستاندا بەریەککەوتنمان دەبێت، لەگەڵ چەند گژوگیایەکی سەرسوڕهێنەر، کە سروشتێکی سیحرییان هەیە، بۆ نموونە لە داستانی (گلگامێش)دا جۆرە گیایەک هەیە، کە سیفەتی نەمری تێدایە، گلگامێش بە دوای دەگەڕێت و دەیدۆزێتەوە، بەڵام بەرلەوەی بیگاتێ مارێک دەیبات،

یان هەنارەکەی (ئەسفەندیار) بە خواردنی، خۆی کردە پیاوی ئاسنین (شمیسا: ١٣٨٧: ٧٦).

ئەم جۆرە گژوگیایە لە داستانی (مەم و زین)دا بەدیناکرێت، ئەگەرچی (خانی) وەسفێکی جوانی سروشتی کوردستان دەکات، کە تییدا باسی (گوڵ و دار و دەوەن و گژوگیا) دەکات، بەڵام گژوگیاکان، گژوگیای ئاسایی بەهاری کوردستانن، هەروەکو (خانی) لە بەشی (دەرچوونی میری بۆتان بۆ ڕاو و نێچیر)دا دەڵێت:

ڕۆژی هەڕەتی بەهار کە خۆشی

دار و دەر و بەرد و هەردی پۆشی

بە گیا و گوڵ و چلووکی بەکڵووک

ڕازاوە جیهانە پیرە وەک بووک (خانی، ١٣٩٤: ٦٧).

٤. خوداوەند لە داستاندا ئاوێتەی گیروگرفتی مرۆڤ دەبێت، جاری واش هەیە پیلان دژی مرۆڤ دەگێڕێت، بۆ نموونە لە داستانی (ئۆدیسا)دا خوداوند یارمەتی (تیلماکس) دەدات بۆ دۆزینەوەی باوکی، یان بە پێچەوانەوە لە داستانی (گلگامێش)دا خوداوەند نەفرین لە (گلگامێش) دەکات و جارێک (ئەنکیدۆ) و جارێکیش (گای باڵدار)ی بۆ دەنێرێت (مەولود و حسێن: ٢٠١٨: ٢٠٤).

خوداوەند لە داستانی (مەم و زین)دا نییە، وەک ئەوەی لە داستانی جیهانیدا هەیە چونکە ئەم داستانە کاتی نووسینەکەی بۆ سەردەمی تاکخودایی دەگەڕێتەوە، وەک ئەوەی باسکرا سروشتێکی سوفیگەری باڵی بەسەر داستانەکەدا کێشاوە ئەمە لە لایەک. لە لایەکی دیکەشەوە، (خانی) کەسێکی زۆر باوەڕدارە بە خوای تاقانەی. (خانی) پاڵەوانی داستانەکە

دەکاتە ڕەمز و هێمای خۆشەویستیی ڕاستەقینە، کە بەهۆی (زین)ەوە بۆتە سۆفییەکی ڕاستەقینەی ڕێگای خوداپەرستی؛ بۆیە (خانی) لە ڕوانگەی سۆفیگەرییەوە گوزارشت لە ڕووداوەکانی ناو داستانەکە دەکات، لەسەر بنەما و دابونەریتی ئاینی ئیسلام داستانەکەی هۆنیوەتەوە.

٥. خوێن خواردنەوە و خۆشۆردن بە خوێن، یەکێکی دیکەیە لە تایبەتمەندییەکانی داستان، کە زۆرجار لە داستانەکاندا دیمەنی لەم جۆرە بەرچاودەکەوێت، وەکو لە داستانی (نیلبۆنگن)دا (زیگفرێد) ئەژدیهای (فافنێر) دەکوژێت و بە خوێنەکەی خۆیدەشوات، یان لە شانامەدا کاتێک (دێوی سپی) چاوی سەربازەکانی (کەیکاوس) کوێردەکات، بەهۆی جادووەوە، کاتێک (ڕۆستم) دەیکوژێت، جەرگی دەردێنێت و لە چاوی سەربازەکانی دەدا، چاویان چاک دەبێتەوە (مەولود و حسێن: ٢٠١٨: ٢٠٥).

لە (مەم و زین)دا، بە هیچ جۆرێک حاڵەتی خوێن خواردن و خۆشۆردن بە خوێن بەرچاوناکەوێت.

٦. یەکێکی دیکە لە تایبەتمەندییەکانی داستان ناپاکیکردنە، کە زۆرجار کەوتنی پاڵەوان لە ئەنجامی خیانەتکردنی هاوڕێ نزیکەکانی پاڵەوانەوە دەبێت (سەرچاوەی پێشوو: ٢٠٦).

ئەم تایبەتمەندییە لە (مەم و زین)دا بوونی نییە؛ لەبەرئەوەی هاوڕێ نزیکەکانی پاڵەوان بریتین لە (تاژدین و براکانی) کە لە لوتکەی وەفاداری و ئەمەکدان بۆ پاڵەوان، بە تایبەتی کاتێک (مەم) دەکەوێتە زیندان، ئەوان هەموو هەوڵێک دەدەن بۆ ئازادکردنی، بۆ ئەم مەبەستە (تاژدین و براکانی) کۆمەڵێک ڕیشسپی و پیر و کەیخودایان دەنێرنە لای (میر) بۆ ئەوەی ببنە تکاکار و لە (مەم) خۆش بێت و ئازادیبکات، ئەم هەوڵەی

ئەوان لە بەشی (تاژدین و برایانی لە بیری چارەدان) بە ڕوونی دەردەکەوێت، کاتێک (خانی) لەسەر زاری (تاژدین) دەڵێت:

تاژدین کوڵی مەم بە جۆرێ گەستی

شێت بوو دڵ و هۆشی چوو لە دەستی

هاواری دەبردە بەر برایان

ئێوە و دوو- سێ پیر و کەیخودایان

ملکەچ هەموو ڕوو لە کۆشکی شا کەین

با بۆ مەمی چارە ڕەش تکا کەین (خانی، ١٣٩٤: ٩٠).

٧. لە داستاندا گەلێک جار شەڕ لە نێوان خوداوەندەکاندا ڕوودەدات، وەکو لە داستانی (ئۆدیسا) ئەمە بەرچاودەکەوێت، کاتێک خوداوەندی (دەریا) لەگەڵ خوداوەندی (با و عەقڵ) لە شەڕدایە (مەولود و حسێن: ٢٠١٨: ٢٠٩).

لە (مەم و زین)دا ئەم تایبەتمەندییە بەدیناکرێت، وەک پێشتر باسکرا، هۆکاری ئەمە بۆ ئەو سروشتە سۆفیگەرییە ئیسلامییە دەگەڕێتەوە، کە لە داستانەکەدا هەیە.

٨. کەرەستە و چەکی پاڵەوانان کەرەستەی سەیر و نامۆ و ئەفسانەیین، وەک پاڵتۆکەی (زیگفرێد) کاتێک لەبەریدەکرد لەبەر چاوان وندەبوو، یان زینەکەی (ئەشیل) توانای شەڕکردنی هەبوو، یاخود شمشێرەکەی (بیۆوۆلف) کە زۆر گەورەیە لە توانایی کەسی ئاساییدا نییە بەکاریبهێنن (سەرچاوەی پێشوو: ٢٠٥).

له (مەم و زین) ئەو جۆرە کەرەستە نامۆیانە بەدیناکرێن، بەڵکو کەرەستەکانی پاڵەوان کەرەستەی ئاسایین، بۆ نموونە لە بەشی (پێکگەیشتنی زاوا و بووک) کاتێک (تاژدین و ئەستی) بە یەکدەگەن، لە شەوی زاوایەتی (تاژدین)دا، (مەم) بە شمشێرەوە دەبێتە پاسەوانی بەردەرگای بووک و زاوا، بۆ ماوەی هەشت ڕۆژان، هەروەکو (خانی) دەڵێت:

زاوا لە بەیانی ڕۆژی هەشتێ

ناچار چووە دەر لە ناو بەهەشتێ

دیتی ئەوە مەم هەتا ئەوێستا

وێستاوە لە دەرکە شیر دەستا

پاسداری دەر و دەروونە هەرگا

گیانی لە دەسایە چاو لە ڕێگا (خانی، ١٣٩٤: ٥٢).

## ئەنجام

لە کۆتاییی توێژینەوەکەدا گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

سەرەتا داستانی "مەم و زین" لە نێوان هەموو ژانرە ئەدەبییەکاندا، زیاتر پەیوەستە بە بنەماکانی ژانری داستانەوە و هەر ئەمەش وادەکات وێڕای جیاوازییە ڕێژەییەکەی لەگەڵ تایبەتمەندی و بنەما گشتییەکانی ژانری داستان، هێشتا ناکرێت لە چوارچێوەی ژانرێکی تردا پۆلێنبکرێت و پارێزگاری لە ناسنامەی ژانری خۆی وەکو داستان بکات. هۆکاری سەرەکیی جیاوازییەکەی لەگەڵ تایبەتمەندی و بنەما گشتییەکانی ژانری داستان بۆ ئەو گۆڕانانە دەگەڕێتەوە کە هەر ژانرێک لە مێژووی خۆیدا بە خۆیەوە دەیبینێت، بۆ نموونە لە سەردەمی نووسینەوەی بۆ قۆناغێک دەگەڕێتەوە کە بیری ئەفسانەیی و فرەخواوەندی و نالۆژیکی لە هۆشی مرۆڤایەتیدا ڕەواوەتەوە؛ بۆیە هاتنەکایەی سەردەمە نوێیەکە گۆڕان لە سروشت و تایبەتمەندییەکانی ژانرەکەشدا دروستدەکات و ئەو جیاوازییەی مەم و زین لەگەڵ پێوەر و تایبەتمەندییە گشتییەکانی ژانری داستان بۆ ئەم خاڵە دەگەڕێتەوە؛ چونکە مەم و زین لە قۆناغێکی زۆر پاشتر نووسراوەتەوە. وێڕای ئەمەش دەکرێت بە چەند خاڵێک هاوکێشەی ناسنامەی ژانری مەم و زین بەم شێوەیەی خوارەوە بخەینەڕوو:

١. داستانی (مەم و زین)ی (ئەحمەدی خانی) هەڵگری (١٣) سیانزە تایبەتمەندیی داستانی جیهانییە، کە ڕێژەکەی دەکاتە (٥٠٪) لە کۆی تایبەتمەندییەکانی داستان.

٢. ئەم داستانە هەڵگری (٥) پێنج تایبەتمەندیی دیکەیە، بەڵام بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لە داستانەکەدا هەن، ڕێژەکەی دەکاتە (٢٣.١٩٪).

٣. لەم داستانە دا (٨) هەشت تایبەتمەندی بوونیان نییە، کە ڕێژەکەی دەکاتە، (٧٦.٣٠٪) لە کۆی تایبەتمەندییەکانی داستانی جیهانی.

هەروەک لەم خشتەیەدا ڕێژەکەیان ڕوونکراوەتەوە:

**پەراوێزەکان:**

١- هۆمیرۆس: یەکێکە لە شاعیرە کۆنەکانی یۆنان، لە نێوان سەدەی (١٢- ٨) پێش زاین ژیاوە. (www.biography.com ).

٢- فێرجیل: لە ساڵی (٧٠) بەر لە زاین هاتۆتە دنیاوە، لە تەمەنی (٤٠) ساڵیدا، دەستی بە هۆنینەوەی (ئەنیادە) کردووە (کەفائی، و: هەژار:٢٠١١: ١٢٩).

٣- فیردەوسی: شاعیرێکی کۆنی ئێرانە، لە ساڵی (٩٤٠ ز.) لە گوندی )پاژی( سەر بە شاری (تووس) لە خوراسان لەدایکبووە، لە ساڵی (١٠٢٠ ز.) کۆچی دوایی کردووە، لە شاری (تووس) نێژراوە. (https://www.wikipedia.org ).

٤- لەم توێژینەوەیەدا پشتمان بەو دەقەی (مەم و زین)ی (ئەحمەدی خانی) بەستووە، کە مامۆستا (هەژار) کردوویەتی بە شێوەزاری موکریانی.

٥- ئەحمەدی خانی: ناوی (ئەحمدی کوڕی ئەلیاس کوڕی ڕۆستەم)ە، ناسناوی شیعری (خانی)یە، لە ساڵی (١٦٥٠) لە شاری (بایەزید) لەدایکبووە، لە ساڵی (١٧٠٧) کۆچی دوایی کردووە. (خەزنەدار: ٢٠١٠: ٣٦٧-٣٦٨)

٦- فەقێ تەیران: ناوی (محەمەدە) بە فەقێ تەیران ناوبانگی دەرکردووە، لە دەوروبەری ساڵی (١٥٦٣) لە گوندی (تەیران)ی ناوچەی هەکاری لەدایکبووە، لە ساڵی (١٦٤٠) کۆچی دوایی کردووە. (خەزنەدار: ٢٠١٠: ٢٠٥)

## سەرچاوەکان

### یەکەم: سەرچاوە کوردییەکان:

### ا-کتێب

- ئەرستۆ (٢٠١١) هونەری شیعری، و: عەزیز گەردی، چاپی دووەم، چاپخانەی گەنج، سلێمانی.
- ئەمین، نەوشیروان مستەفا (٢٠١٢) بە دەم ڕێگاوە گوڵچنین، کتێبی یەکەم، چاپی یەکەم، الدار العربية للعلوم- ناشرون، بیروت.
- بێخاڵی، سەید مەولود (٢٠١٣) ئەفسانە و داستان لە فۆلکلۆری کوردەواریدا، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.
- جوتیار، خالید و دەستەیەک لە نووسەران (١٩٨٤) فۆلکلۆر کۆمەڵە بەرهەمێکی فۆلکلۆرییە، بەشی یەکەم، چاپخانەی الحوادث، هەولێر.
- حاجی، سەنگەر قادر شێخ محەمەد (٢٠٠٩) بنیاتی گێڕانەوە لە داستانی (مەم و زین)ی ئەحمەدی خانی و ڕۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان)ی بەختیار عەلی دا، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆک.
- حسەین، هەڤاڵ ئەبوبکر (٢٠٠٧) چەشنە ئەدەبی و ڕۆژنامەنووسییەکان و ڕەنگدانەوەیان لە "ژیان و ژین"دا (١٩٣٢-١٩٥٠)، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.
- خانی، ئەحمدی (١٣٩٤) مەم و زین، و: هەژار، عەبدولرحمان شەرەفکەندی، کانی کتێب، سنندج.

- خەزنەدار، مارف (٢٠١٠) مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی دووەم، چاپی دووەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.

- ڕەسووڵ، عیزەدین مەستەفا (٢٠١٠) لێکۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، چاپی سێیەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

- سەججادی، عەلائەددین (١٣٩١) مێژووی ئەدەبی کوردی، چاپی یەکەم، بڵاوکردنەوەی کوردستان، سنە.

- شەمۆ، عەرەب (٢٠١٠) داستانی قەڵای دمدم، و: شوکور مستەفا، چاپی دووەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

- عومەر، موحسین ئەحمەد (٢٠١٢) فەرهەنگی ئەدەبی، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی.

- کەفائی، محەمەد عەبدولسەلام (٢٠١١) ئەدەبی بەراوردکاری، و: هەژار ڕەحمی، دەزگای تویژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

- مەولود، ریزان ساڵح و حسێن، سەنگەر نازم (٢٠١٨) ژانرە ئەدەبییەکان، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، ناوەندی ئاوێر، هەولێر.

**ب : نامەیی زانکۆیی:**

- حەمەئەمین، باخان ئەحمەد (٢٠١٤) شیعری چیرۆکئامێز لە ئەدەبی کوردی دا بە کەرەستەی کرمانجی خواروو ساڵانی (١٩٩٠- ٢٠٠٠)، نامەی ماستەر، زانکۆیی سلێمانی، فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان- سکوڵی زمان.

- محەمەد، هێمن جاسم (٢٠١٥) هونەری گێڕانەوە لە چیرۆکی فۆلکلۆری کوردیدا (چیرۆکی منداڵان بە نموونە)، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێژی زمان، هەولێر.

**پ : فەرهەنگ:**

- خاڵ، شێخ محەمەد (٢٠٠٥) فەرهەنگی خاڵ، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی دووەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

- موکریانی، گیوی (١٩٩٩) فەرهەنگی کوردستان، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر.

- هەژار، عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی (١٣٦٩) هەنبانە بۆرینە (فەرهەنگی کردی– فارسی)، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئینتیشارات سروش، تهران.

- دووەم: سەرچاوەی فارسی:

- شمیسا، سیروس (١٣٨٧) انواع ادبی، چاپ سوم، نشر میترا، چاپخانە تابش، تهران.

- سێیەم: ئینتەرنێت:

- ژیاننامەی فیردەوسی، بەردەستە لە:

- < https://www.kipedia.org > [ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٣/١٠].

- ژیاننامەی هۆمیرۆس بەردەستە لە:

– < www.biography.com > [رێکەوت: ٢٠٢٠/٣/١٠].

## چکیده

حماسه یکی از قدیمیترین نوع ادبی در میان انواع ادبی ملل مختلف جهان است و بخش عمده‌ای از ادبیات جهان را فراهم می آورد. از زمان قبل از میلاد تا سده‌های میانه یکی از پر رونق ترین نوع ادبی بوده است. از سومری ها تا زمان یونان و روم و پس از آن تا سده‌های میانه پادشاه انواع ادبی محسوب شده است. این نوع ادبی دارای مبانی مختص به خود بوده و این مبانی در تمام متون وابسته به این نوع وجود دارد و بستر تشابه متون حماسی را فراهم آورده است.

در میان انواع ادبی زبانی کوردی، حماسه دارای جایگاه ویژه‌ایست. با اینکه حماسه‌های کوردی کاملا در تشابه با حماسه‌های جهان نیست اما دارای تعداد عمده‌ای از مبانی جهانی حماسه است. بنابر این مقاله حاضر در صدد نشان دادن نسبت تشابه حماسه (مەم و زین) از نویسنده نامی کورد (احمد خانی)، با مبانی عمومی حماسه‌های جهان است.

**Abstract**

Epic is one of the oldest genres in many nations' literature and has occupied an excellent area of world literature. From birth to the middle ages, one of the first genres of literature of many nations It was epic that became the primary genre of the era from Sumerians to Greeks and Romans, and later in the middle centuries. This genre has its specific characteristics and principles that have become the genre's identity for all of the texts under this genre. These characteristics have created the basis for similarities and differences for the literary texts placed under this literary genre.

Epic has occupied a special place and states in the literature of the Kurdish nation. Although the Kurdish sample of epic was not like the global model, it still possesses many global epic criteria and assumptions. From this perspective, this research attempts to show how Ahmadi Khani's epic "Mam u Zin" is committed to the characteristics and principles of this genre. In this context, an explanation and analysis have been made for the epic.